دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٦٧، سێشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٤ی فێوریەی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

## مستەفا هیجری: ئێمە زۆرین و پێکەوە دەگەینە ئامانج

«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە تویتێری خۆیدا پەیامێکی بڵاو کردەوە. «هیجری» لەو تویتەدا نووسیویەتی: «لە ٢ی ڕێبەندانەوە کە ئاسۆی ئاوەزی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد گەیشتە ئاستێکی نوێ لە درەوشاوەیی، خەباتمان کەند و کۆسپ، بەرزی و نزمی، نسکۆ و دابڕانی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام با دۆست و دوژمن ئاگادار بن، هێشتا لەسەر پەیمانی کۆمار ماوین و هەر لەو ڕێگایە هەنگاو دەنێین».

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە درێژەدا نووسیویەتی: «لە کۆسپەکانی ڕێگاش باکمان نییە. ئێمە زۆرین و پێکەوە دەگەینە ئامانج».



شەرەفکەندی شکۆی شۆڕش ٤



مێژووی سەروەریی سیاسی لە حکوومەتی ئەردەڵانەوە تا کۆمار ٦



ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٨





لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠

# هەنگاوێکی مێژوویی لە یادێکی مێژووییدا



بۆ یەکەم جار و بەشێوەیەکی ئەرێنی و جێگەی ستایش، بە دەسپێشخەری «ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران»، یادی بەرزی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە هاوبەشی بە مەزنی ڕاگیرا و هەموو حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری بە ڕێزەوە لە مێژووی پڕشنگداری کۆماری کوردستانیان ڕوانی و پێگەی مێژوویی کۆمار و پیشەوا قازی محەممەدیان بەرز نرخاند.

لەڕاستای هەرچی زیاتر نیزیک کردنەوەی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، سیمینارێکی بەشکۆ بۆ یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لەلایەن ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە، لە شاری هەولێر لە چەند پانێلی جیاوازدا و بەبەشداری جەماوەرێکی بەرچاو لە کوردانی ڕۆژهەڵات و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو سێمینارەدا کە لەژێر ناوی «کۆماری کوردستان ئەزموونێکی شکۆدار و هێمای یەکڕیزیی نەتەوەییە بۆ بونیاتنانی سەروەریی نیشتمانی «پێکهاتبوو، نوێنەری هەر کام لە چوار حیزبی بەشدار لە ناوەندی هاوکاری باسەکانی خۆیانیان پێشکەش کرد.

لەم سێمینارە کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی لە هۆڵی «پێشەوا» لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو، هەر یەک لە بەڕێزان «حەسەن شەرەفی، عەبدوڵڵا ئازەربار، کەماڵ کەریمی و ڕەزا کەعبی»، نوێنەری هەر یەک لە ئەندامانی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری، لە گۆشەنیگای خۆیانەوە باسیان لە دامەزرانی کۆماری کوردستان و مێژوو و سەروەرییەکانی کرد.

مژارە پێشکەشکراوەکان بۆ هەر کام لەم بەڕێزانە بەم چەشنە بوو:

«حەسەن شەرەفی» باسێکی لەژێر ناوی «تایبەتمەندیی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی» پێشکەش کرد.

«عەبدوڵڵا ئازەربار» باسێکی لەژێر ناوی «کاریگەریی کۆماری کوردستان لەسەر پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان» پێشکەش کرد.

لەم سێمینارەدا «کەماڵ کەریمی» باسێکی لەژێر ناوی «هەلومەرجی مێژوویی و سیاسیی کۆماری کوردستان» پێشکەش کرد.

هەروەها «ڕەزا کەعبی» باسەکەی بریتی بوو لە «کەموکوڕییەکانی کۆماری کوردستان و هۆکارەکانی هەرەسهێنانی ئەو کۆمارە».

سێمینارەکە پاش خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان، دەستی پێکرد.

دواتر و لە پانێلی یەکەمدا «کەماڵ کەریمی» بە خستنەڕووی چەندین فاکتەری گرینگی مێژوویی و سیاسی لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەو بارەوە بۆ ئامادەبووان دوا.

لە پانێلی دووهەمدا، «حەسەن شەرەفی»، بە باس کردن لە بارودۆخی ئەوکاتی کۆماری کوردستان وەکوو خەسارێک وتی: «ئەوەی گرینگە لەو سەردەمە لەگەڵ هەبوونی هۆز و عەشیرەتی زۆر، بەڵام توانی هەمووان لەژێر ئاڵایەک و ویستێکی هاوبەشی نەتەوەیی کۆ بکاتەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا کە سەردەمێکی پێشکەوتوویە و کورد دەیان حیزبی هەیە، بەڵام ناتوانن وەکوو سەردەمی پێشەوا قازی هاوئاهەنگ و یەکڕیز بن».

وتیشی: «ئەوڕۆکە ئێمە کاتێک باس لە کۆمار و دامەزراندن و تایبەتمەندییەکانی کۆمار دەکەین نابێ بۆچوونمان وەها بێت کە بە پێوەری ئەوڕۆکە لە مەسەلەی دێموکراسی و پرسە نەتەوایەتییەکان هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین؛ لە وەها هەڵسەنگاندنێکدایە کە زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە ژیری و دووربینیی پێشەوای نەمر و ڕێبەرایەتیی ئەودەمی کۆمار لە چ ڕادەیەک بووە».

لە پانێلی سێهەمدا «عەبدوڵڵا ئازەربار»، باسی لە هەوڵەکانی ڕەزا شای پەهلەوی وەکوو سیاسەتی یەکدەست کردنی گەلانی ئێران و تواندنەوە و ئاسمیلەکردنیان لەنێو فەرهەنگ و زمانی دەسەڵاتدار و پەرەسەندنی بیری شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرەستیی ئێرانی کرد.

لە پانێلی کۆتاییدا «ڕەزا کەعبی» بە باسکردن لە جیاوازیی قوناغەکان و جیاوازیی نێوان چین و نەوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ، خەسارناسییەکی کورتی لەو بارەوە باس کرد.

ئەم سمینارە لە چەند ڕەهەندەوە زۆر گرینگ و بایەخدارە؛ لەلایەکەوە یەکەم هەوڵی لەو چەشنەیە کە تێیدا حیزبەکانی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی حیزبی و بەدوور لە ئینتمای ڕێکخراوەیی، بە یەکدەنگییەوە باسییان لە بڕگەیەکی مێژوویی گرینگی کوردستان کرد، لەلایەکی دیکەوە مەزنایەتی کۆماری کوردستان پاش ٧٤ ساڵ جارێکی تر خۆی نیشان دایەوە کە تێیدا ڕۆحی یەکگووتاری و یەکنەتەوەبوون بەسەریدا زاڵ بووە و ئێستەش پۆتانسییەڵی ئەوەی تێدا هەیە کە هەموو ئالییەکی سیاسی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بەدیوێکیتریشدا دەتوانێ لەوبارەوە گرینگ بێت کە سیمینارەکە دەتوانێ ببێتە دەسمایە و هەوێنی یەکڕیزی و یەکگووتاری زیاتر لەنێوان حیزبەکان بۆ داهاتووی کوردستان و لە هەمان کاتیشدا پەیامێکی گەورە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە یەکڕیزی سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان ڕەمزی سەرکەوتنمان دەبێ لە داهاتوودا.

پەیڤ

## هاواری بێدەنگی

کەریم پەرویزی

دەنگهەڵبڕین و نارەزایەتی نیشاندان لای دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ وەکوو تاوانێکی گەورە چاوی لێ دەکرێ کە شیاوی هەرجۆرە سزایەکە! سەرکوتکار و تاوانبارانی وەکوو خامنەیی و سیستمی پڕ لە دڕندەیی وەکوو سیستمی ویلایەتی فەقیهی، حەزیان لێیە کە هەموو کەس گوێڕایەڵ و ملکەچ بێ و کەس دەنگی نەشازی لێ دەرنەیەت.

ئەو کاتەی کە کۆمەڵگا جووڵەیەکی دژ بە ویستە دڵخوازەکانی حکومەتی تۆتالیتەر ئەنجام دەدا، وەکوو پارازیتێکی گەورەیە لەسەر مێشك و بیری چەقبەستووی دەسەڵاتداران و بە نەشیاوترین شێوە دژکردەوە نیشان دەدەن، هەروەکوو لە کوشتاری خەزەڵوەری ئەمساڵدا، ئەوپەڕی دڕندەیی و ناخی دژەمرۆییان دەرخست.

بەڵام کۆمەڵگاش تەنیا یەك ڕێگا و یەك شێوازی نییە بۆ کردەوە و نارەزایی نیشاندان، بەڵکوو هەر کۆمەڵگایەك ڕێگای نوێ و تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە تاکوو دیکتاتۆر بەچۆکدا بێنێ.

لەم ڕۆژانەدا کە سیستمی کۆماری ئیسلامی بەرەو ئەوە دەچێ تاکوو بە شانۆگەرییەکی دیکە، هەندێ سیمای دەسکرد و دەستەمۆ لە سندووقە پڕ لە فرتوفێڵەکانی بەناو هەڵبژاردنەوە دەر بێنێ و وەکوو ئەندامی مەجلیسی ڕێژیم بە خەڵکیان بناسێنێ، دووبارە هەندێك باسی کۆن و چەندپاتە هاتوونەتەوە ئاراوە.

سەرەڕای هەموو ڕابردووی پڕ لە گزە و درۆی ڕێژیم و سەرەڕای ئەزموونی چوار دەیە کە نیشانی داوە مەجلیس لەم سیستمەدا تەنیا نمایشێکە کە ئێستە تەنیا بە پاسدارەکان ڕێگا دەدەن تێیدا بەشدار بن، هەن کەسانێك کە دەڵێن تەنیا ڕێگامان ئەوەیە کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هەوڵی وەدەستخستنی هەندێ شت بدەین، دەنا جگە لەوە ڕەوتی سیاسی بەرەو توندوتیژی دەڕوا و وڵات دەکەوێتە ئاگرەوە و ... و بیانووی دیکە دێننەوە بۆ ملکەچییەکی دیکە.

دەنگی دیکەش هەیە کە پێی وایە بایکۆت کردن هیچ لە پرسەکان ناگۆڕێ و ڕێژیم هەر مۆرەکانی خۆی دەنێرێ و بایکۆتکردن کارەکە بۆ ڕێژیم ئاسان دەکاتەوە و باشترە هێشتا لە نێوان خراپترینەکان و زۆر خراپترینەکاندا پێش بە ویستی ڕێژیم بگرین!

بەڵام ڕاستیی ڕووداوەکە ئەوە نییە، بەڵکوو بەشدارینەکردن لە دەنگدان بە جەلادا هاوارێکی دیکەی کۆمەڵگایە کە بە شێوازی دیکە دەری دەبڕێ. لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتی مرۆڤکوژ، تەنیا لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی هاوخەمیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی کوردستانی باکوور



بوومەلەرزەکانی کوردستانی باکوور کە ڕۆژی هەینی، ٤ ی ڕێبەندان، دەستی پێکرد، بەداخەوە بوو بەهۆی گیانلەدەستدان و بریندار بوونی سەدان کەس و هەروەها ماڵوێرانی و خەسارێکی دارایی زۆر بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە.

تا ئێستاش لە چارەنووسی ژمارەیەکی زۆر کە لەژێر دار و پەردووی ماڵە وێران بووەکانیان دەرنەهێنراونەتەوە هەواڵێک لە دەستدا نییە و بەم شێوەیە مەترسیی ئەوە لە ئارادایە کە ژمارەی کوژراو و بریندارەکانیان زیاتر بێت.

ئێش و ئازاری ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بەتایبەت لەم وەرزی سەرما و سەهۆڵبەندانەدا، بۆ کەسوکاری قوربانییان و بریندارەکانی ئەو ڕووداوە زۆر زیاتر دەبێت.

بەبۆنەی ئەم کارەساتە مرۆڤایەتییە کە بەسەر دانیشتووانی ئەو بەشەی کوردستاندا هاتووە، سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆمان بە هەموو خوشک و براکانمان لە باکوور، بەتایبەت ڕزگاربووەکانی ئەو بوومەلەرزەیە و خزم و کەسوکارەکانیان ڕادەگەیەنین. ئاواتە خوازین بریندارەکانی ئەم ڕووداوە بە زوویی سلامەتی و تەندروستیی خۆیان بەدەست بێننەوە.

**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**مستەفا هیجری**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

**هاووڵاتیانی بەڕێز**
**کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان، کادر و پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ١٣٩٨ی هەتاوی حەفتا و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانە، کۆمارێک کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەدەست پێشەوای نەمر قازی محەممەد بە کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی ئەوکاتی ئێران و ناوچەکە لە بەشێک لە کوردستانی ئێران بە ناوەندی شاری مەهاباد دامەزرا و بۆ یەکەم جار ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی لەو بەشەی کوردستان کردە خاوەن دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک . بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە سەر جەم ڕۆڵەکانی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات بە گشتی و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەکەین. دامەزرانی کۆماری کوردستان بەتایبەتمەندی دێموکراتیکی خۆیەوە لە ناوچەیەکی پڕ دیکتاتۆری و کۆمەڵگایەکی ناپێشکەوتووی ئەوکاتی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا دیاردەیەکی گرینگ و هیوا بەخش بۆ گەلانی ژێر دەستە و ماف پێشێلکراوی ناوچەکەبوو . گرینگی و جێگای بایەخی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەوەڕا سەیری دەکرێ. کە کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان کۆمەڵگایەکی فئوداڵی ، عەشیرەتی و زیاتر لە سەدی ٨٠ی دانیشتوانی پیاو نەخوێندەوار و زیاتر لە سەدی ٩٥ی ژنانی نەخوێندەوار بوون و کۆمەڵگا بە گشتی لە ژێر شوێن دانەری داب و نەریتی نا پێشکەوتوودا بوو. ئەگەر لەم هەل و مەرجەدا دەرەتانی دامەزرانی کیانێکی کوردی لەم بەشە لە کوردستان ڕەخسا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە

کە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوازێکی مۆدێرن و بەتایبەتمەندێکی دێموکراتیکەوە دامەزرابوو. حیزبێک کە لە سەر بناغەی ڕێکخراوەی کۆمەڵەی ژ. ک. ف کە ٣ ساڵ پێشتر لە پێناو پەرەپێدانی بیری نەتەوایەتی کورد دامەزرابوو لەو پێوەندیەدا کاری بەرین و بەردەوامی لە کوردستاندا کردبوو و لەو بوارەوە بەرەو پێش چوونێکی بەر چاو هێنابووە ئاراوە. ئەو بەستێنە ئەرێنیە بەتایبەت بەدامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ناو و ناوەڕۆکی دێموکراتیکی بە خۆیەوە گرت. بۆ بە هۆی ئەوە کە سەرەڕای نەبوونی هێندێ پێوەری پێویست کۆماری کوردستان دامەزرێ. بۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین ئەگەربەستێنی پەرەگرتن بۆ بیروهەستی نەتەوایەتی نەهاتبا ئاراوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان دانەمەزرابا، دەرفەت بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان نەدەڕەخسا و ئەگەر دامەزراباش خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە نەتەوەیی و دێموکراتیکە نەدەبوو، کە هەیبوو، هەر بۆیە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش پیشتیوانیان لێ دەکرد وە تەنانەت تێیدا بەشداربوون، بە کورتی کۆماری کوردستان کیانی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد بوو کە لە ناوچەیەکی پڕ دیکتاتۆری ئەوکاتی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا سەری هەڵدابوو. بۆیە نە دیکتاتۆرەکان چاوی دیتنیان هەبوو نە تەنانەت زلهێزەکان و وڵاتانی براوەی شەڕی دووهەمی جیهانی، مانەوەی ئەو کیانە کوردییان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بەدی دەکرد. هەر بۆیە هەوڵی جوانەمرگ کردنیاندا و بە هێرشی نیزامی پاش ١١مانگ ئەو دەسکەوتە مێژوویەیان لە باوەش کورد

دەرهێنا، کۆماری کوردستان تەمەنی کورت بوو. بەڵام لەو ماوە کورتەدا کۆمەڵێک ئەرک و خزمەتی بە جێ هێنا کە ڕەنگە زۆر دەسەڵاتی خاوەن پشتیوان وئیمکانات لەو ماوەیەدا بۆی نەکرابێ و بۆی نەکرێ، هەموو ئەو کار و کردەوانەش لە خزمەت گەشەی بیری نەتەوایەتی ، شوناسی کوردی و شێوازە دێموکراتیکەکانیدا بوون. بە نەمانی ئەو کۆمارە و ئەو کیانە پڕ بایەخەی کورد، پێشەوای کورد و بەشێک لە بەرپرسانی کۆمار بە تاوانی کورد بوون و دامەزراندنی کۆمار و کیانی کوردی لە سێدارە دران و بە شێکی بەرچاویشیان بەند کران. بەو حاڵەش کۆمار کۆمەڵێک یادگاری بایەخدار وەک ئاڵای کوردستان و ناوی پێشمەرگە و سەرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیبی بۆ بە جێ هێشتین و لە هەموو ئەو ٧٤ ساڵەشدا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دامەزرێنەری کۆمار بەتایبەتی لەپێناو وەدەستهێنانەوەی ئامانجە بەرزەکانی کۆمار دا لە خەبات و تێکۆشاندا بوون و لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا بە هەزارن شەهید و هەزاران بەند کراوی پێشکێشی بارەگای ئازادی کورد و گەیشتنەوە بە ئامانجەکانی کۆمار کردووە. یادی ٢ی ڕێبەندانی ئەو ساڵ ٧٤مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە کاتێکدا دەکەینەوە و ڕێز لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی کۆمار دەگرین و وەفاداریمان بە ئامانجەکانی کۆمار دووپات دەکەینەوە کە ئێران هەروا لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆنەپەرەستی و دژی مرۆڤی و ماف پێشێلکەری کۆماری ئیسلامی ئێران دایە، بەڵام زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو بینەری وەزعی شپرزەی ئەو ڕێژیمە لە زۆربەی بوارەکان داین. خەڵکی وەزاڵەهاتووی

ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی زیاتر نێوەڕۆکی ڕێژیمیان بۆدەرکەوتووە و ڕاشکاوانەتر بەرامبەر بە ڕێژیم و سیاسەت و سەرکووت و کردەوەکانی هەڵوێست دەگرن، نارەزایەتییە دەربڕینەکان و حەرەکەتە ئیعترازییەکان بە بەرئاورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر بەرینتر و گشتگیرتر و تێکڕاییتربوون، درووشمی خۆپێشاندەران پێکهاتە شکێنتر دژ بە ڕێژیم لە تەواوییەتی خۆیدا لەسەروی هەموانەوە ڕووی لە خامنەیی و سوپای پاسدارانە و تەنانەت دژ بە ویلایەتی فەقیە و کۆڵەکەکانی ئیدئۆلۆژی ڕێژیمە. بە کوورتی بێزراوی ڕێژیم لە ڕادەی نێونەتەوەیی و نێوخۆییدا گەیوەتە ئاستێک کە هیوا بە نەمانی ڕێژیم زیاتربێ و لە سەر ڕەوتی خەباتمان لە هەر هەلومەرجێک دا پێداگرتووتربین ئەوەش دەرەتان بۆ خەباتی کورد و گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کورد و وەدەست هێنانەوەی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان پتر دەرەخسێنێ. بەو هیوایە و بە خەباتی تێکڕایی مان یادی ٢ی ڕێبەندان لەساڵانی داهاتوودا لە هەموو شار و شوێنەکانی کوردستان و بە تایبەت لەسەر گڵکۆی پێشەوای کورد قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان بکەینەوە. جارێکی دیکە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی کوردستان و ڕێز و پێزانینمان بەرانبەر بە خۆڕاگری زیندانیانی سیاسی دووپات دەکەینەوە. بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ خەباتی تێکڕاییمان نەمان بۆ ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران

**ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەهۆی بوومەلەرزەکەی کوردستانی باکوور



کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!
کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

وەک ئاگادارن شەوی هەینی ٤ی ڕێبەندانی١٣٩٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٤ی ژانویەی ٢٠٢٠ی زایینی، بومەلەرزەیەکی بەهێز پارێزگای خارپێت لە کوردستانی باکووری هەژاند کە ناوەندی ئەو بوومەلەرزەیە شاری سڤیریج بوو. بەهۆی ئەو ڕووداوە ماڵوێرانکەرە کە ڕۆژی دواتر ناوچەکانی دیکەشی لەو پارێزگایە و هەروەها پارێزگای مەلاتییە گرتەوە، مخابن دەیان هاونیشتمانی گیانیان لەدەست داوە و سەدان کەس بریندار بوونە و سەدان خانوو ڕووخاون و خەڵکێکی زۆر تووشی کارەسات و بێ ماڵ و حاڵی بوونە و لە چارەنووسی بەشێکیان کە لەوانەیە لەژێر دار و پەردووی خانووە ڕووخاوەکاندا مابن، هێشتا هەواڵێک لەبەر دەستدا نییە. بەپێی هەواڵی گەیشتوو، خەڵکی لێقەوماوی ئەو دەڤەرانە ئێستا بەهۆی کاریگەریی بەفر و سەرمای تاقەتپرووکێن و زیان و ماڵوێرانییەک کە بەهۆی بومەلەرزەکەوە تووشی هاتوون، لە دۆخێکی زۆر نالەباردان و پێویستیی خێرایان بە یارمەتیی مرۆیی و فریاکەوتن هەیە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە هاوخەمیی خۆی ئاراستەی کەسوکاری قوربانییانی ئەو کارەساتە سروشتییە دەکات و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازێت. هەروەها داوا لە خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان، مرۆڤدۆستان لە هەر شوێنێکی جیهان و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆست و خێرخوازییەکان دەکات، بە هەر شێوەیەک کە پێیان دەکرێت، بە هانای خەڵکی لێقەوماوی ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکانەوە بچن و یارمەتیی مرۆیی خێرا و پێویست بگەیەننە فریای ئەو خەڵکە بێ دەرەتانە و ڕێگە نەدەن سەرما و زوقمی زستان ببێتە هۆی قووڵتربوونی برینی ئەو کارەساتە گەورەیە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٢٦ی ژانویەی ٢٠٢٠ی زایینی**

# شاندێکی حیزبی شیوعی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد




ڕۆژی پینجشەممە، ١٠ی ڕێبەندان، شاندێکی حیزبی شیوعی کوردستان بە سەر پەرەستیی دوکتور ‹›کاوە مەحمود››، سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن ‹›مستەفا هیجری››، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا. لەم دیدارەدا سەرەتا دوکتور ‹›کاوە مەحمود›› سپاس و پێزانینی بۆ پێشوازیی گەرمی حیزبی دێموکرات دەربڕی. پاشان باسێکی سیاسیی لەسەر ڕەوشی کورد، بە تایبەتی لە کوردستانی باشوور پێشکەش کرد و هەروەها هەڵوێستی حیزبی شیوعی لەسەر پرسە سیاسییەکان خستە ڕوو. لەم دیدارەدا لێپرسراوی گشتیی حیزب وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان، بارودۆخی ئەوڕۆی کوردستان و ئێران و ناوچەکەی خستە بەر باس. «مستەفا هیجری››، هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی لەسەر پرسە سیاسییەکان بۆ شاندی حیزبی شیوعی شی کردەوە. لەم دانیشتنەدا هەر دوو لایەن لەسەر پەیوەندیی بەهێز و دوستانە لە نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی شیوعی پێداگرییان کرد و پێویستیی لێک نزیکبوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە هەر چوار بەشی کوردستان لەم هەلومەرجە هەستیارەدا بە پێویست زانی.

# حیزبی دێموکرات سەردانی «پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان»ی کرد



شاندی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی کرد.

ڕۆژی ڕابردوو، ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندان، بەبۆنەی ٢٥ەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محمد ساڵح قادری»، بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکان، سەردانی ئەو حیزبەیان کرد. شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەڕێز «باپیر کامەلا»، سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا، «محەممەد ساڵح قادری» بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات، پیرۆزبایی ٢٥ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی کرد و وێڕای بەرزنرخاندنی هاوهەڵوێستیی هەر دوو لا لە پێوەندی لەگەڵ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، پێداگرییان لە بەردەوامیی پێوەندیی دۆستانە و هاوکاریی نێوانیان کردەوە.

# یادی ٢ی ڕێبەندان بەرز ڕاگیرا

بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٤ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. بە بۆنەی ٧٤ی ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕۆڵەکانی کۆمار لە مەهابادی قازییەکانەوە بە شێوەیەی بەرین بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی و هەروەها بڵاوکردنەوەی شیرینی یادی ئەو ڕۆژەیان پیرۆز ڕاگرت.

ئەو شوێنانەی کە لە مەهاباد چالاکییان تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە: ‹› ئاپارتمانەکانی شارەکی کارمەندان، شارەکی سەبا، موجتەمەعی مەسکوونیی ٥٦ واحیدیی زانکۆی ئازاد، کوی دانش، دووکان و بازاڕەکانی مەیدانی ئاردی ، مەیدانی چوارچرا، شەقامی قاسملوو ( شاپوور تا چوارڕێیانی ئازادی)، سێڕێیانی سەید نیزام، موخابەراتی بێعسەت، مزگەوتی سوور، شەقامی محەممەدی قازی، باغی سیسە، دەورو پشتی سیلۆ، قوتابخانەی کچانەی فاتمیە، تەپەی قازی، بەر درگای مزگەوتی نوور، خانووە سازمانییەکانی پشت پاسگای تەپەی قازی، مزگەوتی حەزرەتی ئیسمایل، دۆڵی کەروێشکە، بانکی کشاوەرزی و سادرات، مەیدانی مەلاجامی، سێ‌ئاشان هەتا پردی یەرغۆ». هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە گوندی «ئیندرقاش» و لە سەر ڕێگای مەهاباد- بۆکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەپیرانشار زێدی شەهید «قادر حاجی عەولا»، چاونەترسانی دێموکرات بە بڵاو کردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژە و هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. قارەمانانی دێموکرات لە بۆکانی شەهید ‹‹سەعدوون بارزان» لە کێوی «عەلیاباد»، «چۆمی مەجید خان››، سەیرانگای کێوەڕەش و نێوشاری بوکان چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.

لە مەریوان ، ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە نێو شاری مەریوان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە بڵاوکردنەوەی پۆستێر و تراکتی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان لێ ئەنجام دراوە بریتین لە: ‹›گەڕەکی بەهاران فازی یەک و دوو گەڕەکی مەردۆخ، دبیرستانی کچانەی ئەندیشە، دبیرستانی کوڕانەی غەزالی، دەورووبەری مزگەوتی حەیدەری کەڕاڕ و دەورووبەری مزگەوتی حاجی نجیم».

ڕۆڵەکانی کۆمار لە شاری ورمێ بە بۆنەی ساڵیادی کۆماری کوردستان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی کۆماری کوردستان نوێ کردەوە.

لە شاری سنە، ڕۆڵە بە جەرگەکانی دێموکرات لە گەڕەکی چوارباخ، شەقامی سەفەری، عەمارەتی یاسف و وەکیل، لە گوندی مێراو سەر بەناوچەی ژاوەرۆی سنە، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی یادی ٧٤ـەمین ساڵیادی دامەزراندی کۆماری کوردستانیان پیرۆز کرد.

لە شاری سەقز، ئەندامانی قارەمانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شوێنەکانی وەک: « تازاوا ، شارەکێ زاگرۆس، شارەکی کوردستان، حەماڵاوای خواروو، کۆڵانی مزگەوتی ئەمین، قوتابخانەی عیلم و سەنعەت، قوتابخانەی کچانەی حیکمەت، پردی حەماڵاوا ، عەباس ئاوا ، حەماڵاوای ژووروو، شارەکی موکریان، دەورووبەری نەخۆشخانەی تازەی شفا، شەقامی ژاندارمێری قەدیم، دەورووبەری قوتابخانەی دواناوەندیی مەستوورە ئەردەڵان، مەردۆخ، قوتابخانەی ٧ی تیر گەڕەکی بەردبڕان، بلواری تەربیەت، شیوی جووتیاران و بلواری وەحدەت›› بە شێوەیەکی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا. هاوکات ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ئەو ڕۆژە مێژووییەوە لە ئیلام لە شاری کوهدەشت و لە شوێنەکانی وەک: ‹›شەهرەکی شەهید ڕەجایی، پارکی فەدەک تەنیشت مەیدانی قودس، بلورای بە ناو «کەنداوی فارس»، میدان ئیمام حوسێن و ورودی شار لە کرماشانەوە و هەروەها لە پارکی تەفریحی سەراوی ئاودانان، مزگەوتی یەکتا، تەئمین ئیجتماعی، قوتابخانەی زەینەب، سازمانی تەبلیغات» چالاکیی تەبلیغییان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان بەڕێوە برد. ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە خوزستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەر لەم ڕۆژە پیرۆزەدا کچان و کوڕانی شاری کاکۆ، پێشمەرگەئاسا لە مەیدانی «ئیقباڵ»ـی سنە، وێنەی پێشەوا و ئاڵای کوردستانیان بڵاو کردەوە و شیرینییان لەنێو خەڵکدا بڵاو کردەوە. ئەو کارەی ڕۆڵەکانی سنەی خوێناوی لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەڕوو بووەوە و خەڵک بە چەپڵەلێدان پێشوازییان لێکردن. ئەو چالاکییە بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان و لە حاڵێکدا ئەنجام دراوە کە هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران لە شەقام و مەیدانی ئیقباڵ جێگیر کرابوون. مەیدانی ئیقباڵ لە سنە جیا لەوەیکە بە هێزی نیزامی تەنراوە، بە کامێرای چاوەدێریش کۆنترۆڵ دەکرێت. هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە سنە مۆبایلی هاووڵاتییان دەپشکنن و ئیزن نادەن هیچ کەس وێنە یان فیلم بگرێت.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە بە شێوەیەکی زۆر جیاواز و بەربڵاو لە ئاستی شار و گوندەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە دەبەن و ئەو ڕۆژە مێژووییە پیرۆز دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە «نێ»ـی قارەمان زێدی شەهید «مەنسوور ئەحمەدی»ـیەوە بە بڵاوکردنەوە تراکت، پووستێر و نووسینی دروشم، یادی ئەو ڕۆژە مێژووییان پیرۆز کرد. لە پیرانشار، زێدی شەهید «ئەسعەد شەریفیان»، بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان و هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی کۆماری کوردستان دووپات کردەوە. لە سەردەشتی زێدی شەهید «عوسمان غەفاری»ـیەوە، ڕۆڵەکانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشم، جێژنی ٢ی ڕێبەندانیان پیرۆز کرد. لە بانە، زێدی شەهید «ڕەسووڵ چووپانی»ـیەوە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بهبۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. لە پاوەی زێدی شەهید «حوسێن شیانی»، قارەمانانی دێموکرات لەگەڵ ڕێبازی کۆمار پەیمانیان نوێ کردەوە و بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان، پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەیان کرد. هەروەها ڕۆژی شەممە، ٥ی ڕێبەندان، پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان، لە بازاڕی مەڕ و ماڵات کە بازاڕێکی پڕهاتوچۆیە و خەڵکی هەموو شارە کورد و تورک زمانەکان و گوندەکانی دەوروبەر لەوێ کۆ دەبنەوە، بە لێدانی تراکت و پوستێری «٢ی ڕێبەندان و ڕاسان» لە تێکڕای ماشینەکان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەنجامدانی ئەم چالاکییە لە حاڵێکدا بووە کە ئەو شوێنە بەتوندی لەلایەن مۆرەکانی ڕێژیمەوە میلیتاریزە کراوە و سەرەڕای جێگیربوونی ماشینەکانی هێزی ئینتیزامیی ڕێژیم، مەئموورەکانیش لەنێو خەڵکدا هاتوچۆی بەردەوامیان هەبووە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی «دەل»، سەر بە ناوچەی سەولاوا، بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات، خەباتی پێشمەرگە و ڕاسان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. قارەمانانی دێموکرات لەو گوندەدا، بە نووسینی دروشمگەلێک وەک: «ڕاسان بەردەوامە، هەورامان دڵی دێموکرات»، لەسەر دیوارەکانی ئەو گوندە، پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی پێشمەرگە دەربڕی.

ڕێکەوتی ١٠ی ڕێبەندانیش، لە گوندی حاجی ئاوای بۆکان، لەلایەن پێشمەرگەکانی شارەوە، سەدان تراکت، پوستێر و سی‌دی بڵاو کرایەوە.

هەروەها بە نووسینی دروشمی: «بژی هێزی پێشمەرگە»، پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی ڕەوای پێشمەرگەکانی کوردستان دەربڕی.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بۆنە تایبەتە حیزبییەکان، لە ڕۆژەکانی دیکەشدا، بە شێوازی جۆراوجۆر پشتیوانیی خۆیان لە حیزبەکەیان ڕادەگەیەنن.

# ڕاگەیەندراوی «ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات» لەمەڕ بایکۆتی شانۆگەریی هەڵبژاردن لە ئێراندا

ناوەندی «ژنانی ڕۆژهەڵات»، بۆ بایکۆتکردنی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئەم ڕاگەیەندراوە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانانی مافخواز!

ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان!

لە بەرەبەری شانۆگەرییەکی دیکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر دەمامکی هەڵبژاردندا بۆ فریودانی بیروڕای گشتیی خەڵک لە نێوخۆ و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان لە دەرەوەی وڵات، جارێکی دیکە ڕێژیم ئەزموونی چەندپاتەکراوی ڕاکێشانی زۆرەملێی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان تاقی دەکاتەوە و دەیکاتە ڕۆژەڤی سیاسیی وڵات و دیسان چەواشەکارییەکانی بۆ نیشاندانی سیمای سیستمێکی دێموکراتیک لە خۆی دەست پێ کردووەتەوە.

ئەوەی کە ئێستا زیاتر لە جاران بۆ هەموو خەڵکی ئێران و کوردستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئاشکرایە، نامۆبوونی وەها ڕێژیمێک لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و هەڵسوکەوتی شارستانییانە و دێموکراتیکی شیاوی ئەم سەردەمەیە. ئێستا هەموو دنیا لەوە تێگەیشتووە کە پاش چوار دەیە تاقیکاریی شکستخواردوو، کایەی باڵباڵێنی ڕواڵەتیی نێوخۆی ڕێژیم و دیواری هیوا هەڵچنینی بەشێک لە خەڵک و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ساختار و تەنانەت هەڵسوکەوتی ڕێژیمدا لە ڕێگەی ئەو کایەی بەناو هەڵبژاردنەوە، نە لە نێوخۆ توانیویە تۆزقاڵێک خەڵکی ئێران و کوردستان لە هیوا و ئاواتەکانیان نزیک بکاتەوە و نە لە دەرەوەش تۆزقاڵێک پاشەکشەی بە سیاسەتی هەناردەکردنی شەپۆلی ئاژاوە و قەیران و تاوان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کردووە. لە وەها سیستمێکدا کە مەجلیس لە بنەڕەتدا خاوەنی هیچ پێگە و قورساییەک لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا نییە و ئەو مەجلیسە کارتۆنییەش کە هەیە، بە هەموو میکانیزمێکی یاسایی و نایاسایی لەلایەن خودی سیستمەوە کار بۆ بێ کاریگەرکردنی لە بڕیارە گرینگەکاندا دەکرێت، نوێنەرانی مەجلیس نە بۆیان هەیە پارێزەری مافەکانی خەڵک بن و نە ئەو کەسانەش کە لە فیلتری شۆرای نیگابانەوە تێپەڕیون، لە بنەڕەتدا باوەڕێکیان بە ئەرکی خۆیان وەکوو پارلمانتار و نوێنەری خەڵک هەیە. لە پێوەندی لەگەڵ ماف و داخوازییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بەتایبەتی پرسی ژن و مافەکانی ژنانیشدا، مەجلیس و دەزگای یاسادانانی ڕێژیم بە درێژایی تەمەنی خۆی هەمیشە بەشێک لە سیستمی سەرکوت و داپڵۆسین و داتاشینی پاساوی یاسایی بۆ پرۆسەی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە ئێراندا بووە. ژنانی کوردستان و ئێران وەکوو داینەمۆی سەرەکی و پێشەنگی بزووتنەوە سیاسی و جەماوەرییەکانی ئێستا و ڕابردوو بە وشیاری و تێگەیشتوویی سیاسیی خۆیان لەمێژە بەو قەناعەتە گەیشتوون کە لە چوارچێوەی ئەو سیستمە داپڵۆسێنەر و ژنکوژ و ئازادیکوژەدا هیچ ئاسۆیەک بۆ وەدیهاتنی مافەکانیان نابینرێت و بەشداری لە کایەی سیاسیی شکستخواردووی ڕیفۆرم و هەڵبژاردن بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیا دەبێتە هۆی ڕەواییدان بەبێ مافی و سەرکوت و چەوسانەوەی خۆیان و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵک لە ئێران و کوردستاندا. ئێمە لە ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتدا وەکوو بەشێک لە ژنانی مافخوازی وڵاتەکەمان کە هەستمان بە ئازار و چەوسانەوەی خۆمان و گەلەکەمان لەلایەن ئەو سیستمە سەرەڕۆ و پاشکەوتنخوازەوە کردووە، بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ڕێژیمدا بە هەنگاوێک بۆ دەربازکردنی ڕێژیمی ژنکوژی کۆماری ئیسلامی لەو قەیرانی ڕەواییە دەبینین کە ژێر تەوژمی ڕاپەڕینی خوێناویی ئازادیخوازانی وڵاتدا تێی کەوتووە و پێمان وایە وەکوو هاووڵاتییەک بەگشتی و وەکوو ژنێک بەتایبەتی، تاوانە ئەگەر بە بەشداریکردنمان لەو شانۆگەرییەدا دەستی یارمەتی بە پێشێلکەرانی ماف و ئازادییەکانی خۆمان بدەین. هەر بۆیە بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە بە ئەرکێکی مرۆیی و نیشتمانی و ژنانەی خۆمان دەزانین و داوا لە خەڵک و بەتایبەتی ژنانی نیشتمانەکەمان دەکەین کە هەم بۆ خۆیان نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و هەم بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت ئەو داوایە بە خەڵکی دیکەش بگەیەنن و بە هەموومانەوە کار بکەین بۆ ئەوەی کە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بە نەچوونمان بۆ سەر سندووقەکان، دیمەنێک بخولقێنن کە ڕێژیم لە ڕووی هەڵ نەیەت ڕوومالّی هەواڵەکانی ئەو شانۆگەرییەش بە دڵخوازی خۆی بکات.

**«ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات»**
**١١ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٣١ی ژانویەی ٢٠٢٠ی زایینی**
**«ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات» لەلایەن پێنج ڕێکخراوی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێک هاتووە کە بریتین لە:**
**ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## درێژەی پەیف

زمانی هەڕەشە تێ دەگا و تەنیا کوشتن بە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان دەزانێ، بایکۆتکردنی شانۆگەرییەکانی دەتوانێ کۆشکی پووشاڵیی دابڕمێنێ.

بێدەنگیی کۆمەڵگا لە ڕۆژی دیاریکراو بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، بە چەندین شێوە دەتوانێ دەرببڕدرێ و بە هەموو جیهان نیشان بدا کە چیدی فرتوفێڵ و چەواشەکارییەکانی ئەم ڕێژیمە خەڵك بەلارێدا نابا.

وەکوو شاملوو لە زمانی مارگۆت بیکلەوە دەڵێ، بێدەنگی پڕە لە نەوتراوەکان. ئەم بێدەنگییەی خەڵك لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەدا دەتوانێ هاوارێکی پڕبەگەروو و زایەڵەی مێژووی ویستێکی ڕەوا بێ. بێدەنگیی بەرفراوان لە هەموو شارەکاندا بە شێوی مانگرتنی سەرتاسەری یان چۆڵکردنی شار لەو ڕۆژەدا، دەتوانێ گەورەترین هاوار بێ کە مێشکی سەری دیکتاتۆر پڕ بکا لە دەنگدانەوە و زایەڵەی دارمانی سیستمە ڕزیوەکەی.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ئاستی بەرپرسانی یەکەم کۆ بوونەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندان، کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ئاستی بەرپرسانی یەکەم و باڵای حیزبەکان پێک هات.

دەستپێکی کۆبوونەوە بەخێرهاتنی هاوڕێیانی بەشدار لەلایەن «مستەفا هیجری»، لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاری بوو، پاشان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی قوربانییانی بوومەلەرزەی کوردستانی باکوور و هەموو شەهیدانی کوردستان خولەکێک بە بێدەنگی بە پێوە ڕاوەستانی ڕاگەیاند. بە دوای ئەوەدا دەستووری کاری کۆبوونەوەی خستە بەر نەزەری هاوڕێیانی بەشدار لە کۆبوونەوە و پاش پەسەندکردنی، یەکەم بڕگەی کۆبوونەوەکە ئاوڕدانەوە و هەڵسەنگاندنێک بوو بۆ کار و پێوەندییەکانی ناوەند لە ئاستی نێونەتەوەیی و پێوەندی بە پرسی کورد لە کوردستانی ئێران. دوای تاوتوێکردنی ئەم بابەتە، کۆبوونەوە هەنگاوەکانی ناوەندی بەرز نرخاند و کۆمەڵێک ڕاسپاردە و بڕیاری بۆ بە ئاکام گەیشتنی بەرنامەی کاریی ناوەند بو هاوڕێیانی هەیئەتی دیاریکراو سپارد. بڕگەیەکی دیکە، کاری ناوەند باس لەسەر ڕەوشی سیاسیی ڕێژیمی ئێران و ئەو قەیرانانەی بوو کە هەموو جۆمگەکانی سیستم و دەسەڵاتی ڕێژیمی گرتووەتەوە و ڕێژیمی لە هەموو بوارێکەوە تووشی داماوی و پەراوێزخستنەوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە، لەم پێوەندییەدا باسێکی چڕوپڕ کرا و دوای ئەو باسە هەمەلایەنە و هەستیاربوونی ڕەوشی ئێران و کوردستانی ئێران و هەستی نیشتمانپەروری و مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە لە خۆپیشاندانی چەند مانگی ڕابردوو ئیرادەی خەباتگێڕیی خۆیانیان لە بەرانبەر سیاسەتی زەبروزەنگی ڕێژیم نیشان دا، بەو ڕاپەڕینە جەماوەری و بوێرانەیە سەلماندیان کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە بەرانبەر دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستیدا لە خەبات و بەرخۆدانیان تا گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانیان لە خەباتدان. کۆبوونەوە وێڕای بەرزنرخاندنی ئەم خەباتە پڕلە شانازییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێران لەسەر بەرینت کردنی ئەم خەباتە جەماوەرییە و چالاکترکردنی ناوەندی هاوکاری لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات، بەتایبەت سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و کوردستانی، بڕیاری دا لێژنەکانی ناوەندی هاوکاری چالاکتر هەنگاوی بۆ هەڵبگرن. هەر لەم پێوەندییەدا بەرپرسانی هەیئەتەکانی ئەرکدار کرد لە بواری کاری هاوبەشی ڕێکخراوەیی و گرینگیدان بە خەباتی مەدەنی و پێشمەرگایەتی و ڕاگەیاندن، گرینگیی تەواو بدەن و لە بواری کردەییدا بەرنامەی ناوەندی هاوکاری بە ئەنجام بگەیەنن. لە کۆتاییدا کۆبوونەوەی بەرپرسانی باڵای ناوەندی هاوکاری لە کەشێکی دوستانە و دوای چەندین کاتژمێر، کۆتایی بە کارەکانی هێنا و «مستەفا هیجری» سپاسی بەشداریی هاوڕێیانی کرد.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٨**
**٢٨ی ژانویە ٢٠٢٠**

# شەرەفکەندی شکۆی شۆڕش

## شۆڕش پێویستی بە توندوتیژییە

**وڵات زاگرۆس**

**بەشی دووهەم**

ڕاپەرینی خەڵک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە گرانبوونی بێنزین لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا کە زۆربەی نزیک بە تەواوی شارەکانی یەکەی سیاسی ئێرانی گرتەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دڕندانەترین شێواز سەرکوت کرا و وەک لە گرتە ویدیۆییەکاندا دەردەکەوێ ڕێژیم بۆ سەرکوتی خەڵک و مانەوەی دەسەڵاتەکەی تەنانەت کەڵکی لە چەکی قورسیش وەرگرتووە و وەک لەم فیلمانەدا دەبیندرێ لە شەقامی هەندێ شار بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک تانک و هێلیکۆپتێریش بەکار هاتووە. هەر لەم پەیوەندییەدا ڕۆژنامەی ڕۆیتێرز لە زاری کۆمیساریای باڵای مافی مرۆڤەوە دەنووسێت:» هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بانی ماڵەکانەوە و لە هێلیکۆپتێرەکانەوە ناڕازییەکانیان کردووەتە ئامانج».

بە پێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەی لە یازدەی سەرماوەزی ساڵی٩٨دا، لە ناڕەزایەتییەکانی حەوتووی کۆتایی مانگی خەزەڵوەردا ٢٠٨ کەس کوژراون کە گریمانە دەکرێ ژمارەی کوژراوان زۆر زیاتریش بێ، ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەر لە ئێراندا لە ڕاستیدا ناڕەزایەتی ئابووری بوو دژ بە گرانی نرخی بێنزین، دەسەڵاتێک کە ناڕەزایەتییەکی ئابووری بەو چەشنە وڵام بداتەوە ئاخۆ دەکرێ بێ توندوتیژی بگۆڕدرێ یان مل بۆ داوای نەتەوەیی و سیاسی و...خەڵک ڕابکێشێت.

کەمن ئەو مرۆڤانەی کە حەزیان لە کوشتن و شەڕ و وێرانی بێت، لە هەمان کاتیشدا ساویلکانەیە لە بەرامبەر دەسەڵاتێکدا کە تەنیا زەبرو زەنگ و توندوتیژی دەناسێت باس لە گۆڕینی نەرم و نیان و دوور لە توندوتیژی بکەین، بە درێژایی مێژوو گەلی کورد، گەلێکی داگیرکەر نەبووە بەڵام وەک دوکتور سەعید دەبێژێت: « زۆر بە ئاگاهییەوە بڕیاری یەکجاریمان داوە کە هەموو هێزو توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، یانی ڕێگای خەباتی کۆڵنەدەرانە لە پێناو ئازادی و دێمۆکراسی و مافە ئینسانییەکاندا بکەین تا لەم ڕێگەیەدا- کە ڕێگەی سووری شەهیدانە- یان سەر بکەوین یان بە شانازییەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەردابنێین».

ڕێژیمی خوێنڕێژ و خوێنخۆری ئاخوندی بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو دەریخست کە نایهەوێ لە نێوەڕۆکی ڕەش و لە ڕەفتارو کردەوەی دژی گەلی و دژی ئێرانی خۆیدا ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ.

بە کردەوە چالاکترین هێزی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لە مەیدانی خەباتی چەکدارانە لە نێوخۆی ئێراندا بووین و هەین، ئاشتیخوازین و ئەگەر دەستمان بۆ چەک بردووە بۆ دیفاع لە خۆمانە چونکە شەڕیان بەسەردا سەپاندووین.

لە مێژە کە گوتوویانە کە قەبوولی زوڵم لە خودی زوڵم خراپترە».

لەمبارەوە نێلسۆن ماندێلاش دەڵێت: «دەسەڵاتداران جۆری خەبات دیاری دەکەن نەک ژێردەستەکان.»

لێکۆڵەرانی بواری شۆڕش زۆربەیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە توندوتیژی بەشی سەرەکی و جیانەکراوەی بارودۆخی شۆڕشگێڕانەیە.

دان دەڵێت: «شۆڕش چەشنێک ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی جەماوەری، توندوتیژ و خێرایە».

بە باوەڕی هانتیگتۆن توندوتیژی ماکەی سەرەکی پێکهێنەری شۆڕشە. مارکسیستەکانیش بە گشتی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بێ توندوتیژی شۆڕش روونادات. هەر لەم پێوەندییەدا کاک دوکتور قاسملوو باس لەوە دەکات کە گۆڕان و رزگاربوون لەژێر دەستی کۆماری ئیسلامی بە نووسینی وتارێک و دانیشتن لە کافەکانی ئورووپا و بەخەیاڵ کردن وەدی نایەت.» ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد یان نووسینی چەند وتار لە دەرەوەی وڵات ناڕووخێت. ئەم ڕێژیمە دەبێ لە ڕێگای توندوتیژەوە بڕوخێندرێ، جا ڕەنگە ئەم شێوازە توندوتیژە لە ڕێگەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی شارییەوە بێت یان تێکەڵەیەک لە خەباتی چەکدارانەی شاری و شەڕی پارتیزانی گوندەکان یان مانگرتن و خۆپیشاندان و راپەڕینی خەڵک لە شارەکان، ناکرێ لە ئێستاوە دیاری کەین کە کامیان دەبێ، بەڵام لەوە دڵنیام کە ڕێژیم دەڕووخێت ئەویش لە ڕێگەی توندوتیژییەوە.

مائۆ وەک ڕێبەری گەورەترین وڵات لە باری حەشیمەتەوە کە شۆڕش تێدا ڕووی دا دەڵێت: «شۆڕش میوانییەک بۆ خواردنی شەو یان نووسینی وتارێک یان کێشانی وێنەیەک نییە...شۆڕش ناتوانێت شتێکی لەم چەشنانە ڕاحەت و ناسک و مێهرەبانانە بێت.

شۆڕش هەستانەوەیە، کردارێکی توندوتیژە کە لە ڕێگەی چینێکەوە، چینێکی دیکە لە دەسەڵات دەهێنرێتە خوارەوە» .

دوکتور سەعید شەرەفکەندی لەم پەیوەندییەدا لە ژمارەی ١٤٥ی ڕۆژنامەی کوردستاندا دەنووسێت: « تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆربەجۆری چینایەتی، نژادی، مەزهەبی و جنسیەتی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە لایەک و بەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێرچەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێدا بێ ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ. چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچکاتێک بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵناگرن، مەگەر بە زۆری لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژدا نەبێ. کەوابوو سولْح و ئاشتی گشتیی جیهانی و هەر لەو کاتەدا شەڕ و خەبات بۆ وەدەسهێنانی ئازادی و بۆ لەنێوبردنی زوڵم و چەوساندنەوە نەک هەر لێک جیاواز نین، بەڵکوو دوو لایەن و دوو ڕوانگەی یەک مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوی دیکەیە، ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادی و بەختەوەری مرۆڤ» .

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیسانەوە ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە کە دەسەڵاتداران بە ویستی خۆیان سەر بۆ داخوازییەکانی خەڵک نەوی ناکەن و بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا ئامادەن بە هەزاران و تەنانەت میلیۆنان کەسیش بکەنە قوربانی.

ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوور دەبێ ئەستەمە بێتوندوتیژی و لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە دەسەڵات ڕادەستی خەڵک بکەن و مێژووی کۆماری ئیسلامیش بەڕوونی دەریدەخات کە ئاشتیخوازانەترین و ڕەواترین داخوازیی خەڵک بە دڕندانەترین شێواز سەرکوت دەکات و ئەم ناڕەزایەتییە ئاشتیخوازانەش هیچ کاریگەرییەک لەسەر کردەوەی کۆماری ئیسلامی دانانێن.

لەم پەیوەندییەدا مستەفا هیجری دەبێژێت:» ئەگەر لە بیست ساڵی رابردوودا کەم و زۆر خەباتی مەدەنی بووە، ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ تەئسیرێک لەسەر ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دانانێت» .

کەوایە گەلی کورد دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە بە کەمترین نرخ وڵاتی خۆی لە کۆلۆنیالیسمی دەسەڵات ڕزگار کات دەنا ئازاد بوون و سەربەخۆیی لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێ توندوتیژی و خەباتێکی شۆڕشگێڕانە ئیمکانی نییە و لە ڕاستیدا خەباتی شۆڕشگێڕانە و ناچار توندوتیژانە لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا شەڕە لە پێناو دنیایەکی جوانتردا نەک شەڕ لە پێناو شەڕ و توندوتیژیدا.

### دەرفەتخوڵقێن یان چاوەڕوان؟

چێگوارا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەکێک لە خاڵە بنەڕەتییەکانی جیاکەرەوەی شۆڕشگێڕ لە ناشۆڕشگێڕەکان ئەوەیە کە شۆڕشگێڕ دەرفەت دەخوڵقێنێ و چاوەڕوانی دەرفەت نامێنێتەوە، بەڵام ناشۆڕشگێڕان چاوەڕێی ئەوەن دەرفەتێک بخوڵقێ و کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرن.

شەهیدبوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەکرێ وەک مەزنترین هەرەسی حدکا ناو لێ بنێین لە مێژووی ئەم حیزبەدا پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، لەم کاتە هەستیارەدا شەرەفکەندی وەک جێگری کاک دوکتور قاسملوو پەیامێک بۆ هێزەکانی حیزب دەنێرێ کە لە کوردستاندا خەریکی چالاکی و خەبات بوون دژ بە کۆماری ئیسلامی و ئەم پەیامە هەرچەن کورتە بەڵام یەکجار پڕنێوەڕۆک و گرینگە کە بریتییە لە: « دوکتور قاسملوو شەهید بوو خەبات درێژەی هەیە» و پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە شەرەفکەندی نایهەوێ چاوەڕوان بمێنێتەوە و لەبەرامبەر هەرەسی مەزنی نەمانی قاسملوودا دەستەوەستان نییە و بە باوەڕێکی قووڵەوە بە شۆڕش و ئەو ئەرکەی کە کەوتووەتە سەرشانی دەیهەوێ بە کرداری حیزبەکەی و بەردەوام بوون لەسەر ڕێچکەی شۆڕش دەرفەتی بەختەوەری خەڵک و ڕزگاریان لە کۆلۆنالیزم بڕەخسێنێت.

شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو ماوەیەکی کەم پاش ئاگربەستی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ڕووی داوە و هێشتا ئەم دوو وڵاتە بە تەواوی ڕێکنەکەوتوون، بەڵام لە ساڵی شەست و هەشت بە دواوە و پاش ئەوەی کاک سەعید دەبێتە کەسی یەکەمی حدکا، بەندەکانی ڕێککەوتنی نێوان دوو دەسەڵاتی ئێران و عێراق دەچنە بواری جێبەجێکردن و دەسەڵاتی عێراق گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر ڕێبەرایەتی حدکا کە نابێ درێژە بە چالاکیەکانیان بدەن و لە سنووری عێراقەوە بۆ خۆرهەڵات بپەڕنەوە دژ بە کۆماری ئیسلامی چالاکی بەڕێوە بەرن و تەنانەت باس لەوەش دەکرێ کە دەسەڵاتی بەعس پیلانی ئەوەی هەبووە کە حدکا یان تەسلیم بە ئێران بکاتەوە یاخود ڕایانگوێزێت بۆ باشووری عێراق و لەوێ لە کەمپەکاندا نیشتەجێیان بکات.

ئەگەر تەنیا ئەم دوو فاکتەرە لە بەرچاو بگرین یانی نەمانی ڕێبەرێکی کاریزما و گوشاری وڵاتی عێراق کە تا ئەو کات وەک پشت جبهەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاوی لێدەکرا (بەو مانا نا کە لە لایەن دەسەڵاتی عیراقەوە یارمەتی حدکا دراوە بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، مەبەستم لە پشتی جبهەبوون ئەوەیە کە لانیکەم تا ئەو کاتە حدکا بێ ڕێگرییەکی ئەوتۆ کەمپەکانی خۆی لە سنووری نێوان باشور و خۆرهەڵات دامەزراندبوو و لە خاکی ژێر دەسەڵاتی عێراق بۆ شوێنی ڕێبەرایەتی و حەسانەوە و تیمارکردنی پێشمەرگەکانی کەڵکی وەردەگرت) هەنگاو بە زۆر کەس شل دەکات و زۆرکەسی هێنا ئەو باوەڕەی کە ئەگەر بۆ ماوەی کاتیش بووە حدکا دەس لە خەبات و چالاکی شۆڕشگێڕانە هەڵبگرێت و چاوەڕوانی کاتی گونجاو بمێنێتەوە، بەڵام شەرەفکەندیی ڕێبەر نەک ناچێتە دۆخی چاوەڕوانییەوە بەڵکوو ئەوپەڕی هەوڵی ئەدات کە مەیدانی چالاکی حیزبەکەی بەرفراوانتر بکاتەوە و لەم ڕێگەشدا سەرکەوتنی گەورە وەدەس دێنێت و لە هەندێ شوێندا پێشمەرگەی کوردستان شەڕی گەورەو دژ بە داگیرکەر بەڕێوە دەبەن کە تا ئەو کاتە لە مێژووی حدکادا شەڕی پێشمەرگە دژ بە داگیرکەران لەو شوێنانە ڕووی نەدابوو.

شەرفکەندی مەزن لە جیاتی ئەوەی تەسلیمی بارودۆخەکە بێت و واز لە خەبات بهێنێت پرۆژەی چالاکترکردن دێنێتە ڕۆژڤەوە و هەوڵ ئەدات بە نیشتەجێکردنی ئەو کەسانەی کە توانای خەباتیان نەماوە لە کەمپەکاندا، حدکا بۆ خەباتێکی سەخت و درێژماوە ئامادە بکات و تێدەکۆشێ هێزێکی پسپۆڕی پارتیزانی کە توانای شۆڕشی لە هەر قۆناغێکدا ببێت پێک بێنێت.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە شەرەفکەندی ڕێبەر لە هەمان کاتدا کە پێداگری لە سەر خەباتی پێشمەرگانە دەکرد، زۆر بە وردی و ژیرانە ئەرک بۆ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا دیاری دەکات و دەنووسێت: «ئەگەر لەسەر بەشداریی خەڵکی کوردستان لە جووڵانەوەی ئازادیخوازی ئەمڕۆی کوردستاندا پرسیار بەم جۆرە بێتە گۆڕێ کە: ئەم بەشدارییە ئەرکی کێیە؟ بێشک وڵامەکەی ئەمەیە کە ئەرکی هەموو کەس، یان هەر کەسێک کە چووکترین هەستی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری هەبێ .

ناوبراو لە چەندین وتاری دیکەدا وەک: «بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا، چەند قسەیەک لەگەڵ موعەلیمەکانی کوردستان و... باس لە خەباتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات دژ بە داگیرکەران و ئەو خەباتەی کە ئەمڕۆ بە خەباتی شار ناوی لێدەبرێ دوکتور سەعید زیاترین هەوڵی بۆ پێکهێنان و سەرخستنی دا و خەبات تەنیا بە یەک ڕەهەندەوە نابەستێتەوە و لە هەمان کاتیشدا هیچکام لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات و شۆڕش بۆ سەرکەوتن بە هیچ پاساوێک نانێتە ئەو لاوە.

> **ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیسانەوە ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە کە دەسەڵاتداران بە ویستی خۆیان سەر بۆ داخوازییەکانی خەڵک نەوی ناکەن و بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا ئامادەن بە هەزاران و تەنانەت میلیۆنان کەسیش بکەنە قوربانی. ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوور دەبێ ئەستەمە بێتوندوتیژی و لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە دەسەڵات ڕادەستی خەڵک بکەن و مێژووی کۆماری ئیسلامیش بەڕوونی دەریدەخات کە ئاشتیخوازانەترین و ڕەواترین داخوازیی خەڵک بە دڕندانەترین شێواز سەرکوت دەکات و ئەم ناڕەزایەتییە ئاشتیخوازانەش هیچ کاریگەرییەک لەسەر کردەوەی کۆماری ئیسلامی دانانێن.**

# گۆڕینی سیاسەتی جیهان لە هەڵکردنەوە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئێران

کەیوان دروودی

**ڕێژیمی ئێران سڵ لە یاسا نێودەوڵەتییەکان ناکاتەوە و ئەو زەرفییەتە تۆقێنەرەی هەیە کە لە هەر کات و ساتێکدا بە مەبەستی هەڕەشە و تۆقاندن هەموو سنوورەکان ببەزێنێ**

**ئەو ڕێوشوێنگەلەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا گیراونەتەبەر ئەگەرچی لە دیوی مەنتقی ڕێژیمی ئێرانەوە، زۆر پراگماتیک هاتوونەتە بەرچاو، بەڵام لە لایەکیترەوە، تەنیا سیاسەتی «ڕاکردن بەرەو پێشەوە» بووە**

ماوەیەک لەمەوپێش ئورووپا بۆ یەکەمجار باسی لە ئەگەری خستنەگەڕی میکانیزمی ماشە کرد. بێگومان ئەوە کوتوپڕ و لەجێ نەبوو و ئاکامی ڕەوتێک لە کار و کاردانەوەی نێوان ڕێژیمی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ڕۆژاوا بوو. لەوێ بەدواوە ڕێژیمی ئێران هەروا درێژەی بە سیاسەتی دابەزاندنی دەروەستییەکان بە گرێبەستی بەرجام دا و لەو ڕۆژانەدا بەشێوەی فەرمی ـ و چاوەڕوانکراو_ ئەو میکانیزمە کارا کرا. هاوکات بوریس جانسن سەرۆکوەزیرانی بریتانیا پێشنیاری کردووە کە گەڵاڵەی ترامپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ببێتە جێگرەوەیەک بۆ بەرجام و ئەوەش لە کورتترین تێگەیشتندا واتە، گرێبەستی لەمەوبەر بەلای بریتانیاییەکانەوە ماوەبەسەرچوو دێتە ئەژمار.
هاوتەریبی ئەم ڕەوتە، وڵاتانی ئامریکای لاتین پێکەوە بە کۆدەنگییەکی ناوازەوە «حیزبوڵڵای لوبنان»یان خستە نێو لیستی گرووپە تێرۆریستییەکانەوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە جیهان هەستی بە مەترسییەکی جیددی کردووە و بۆ ئەمەش قۆڵی بۆ بڕینی دەستی تێرۆر هەڵماڵیوە.
لە لایەکیترەوە وڵاتانێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەتا باشووری ڕۆژاوای ئاسیا و ئورووپا پەیوەست بە هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە کەنداو و گەرووی هۆرمۆز بوون.
گۆڕانکاری و ڕووداوەکان بەمەوە نەوەستانەوە و ڕێگە بە وەزیری دەرەوەی ئێران نەدرا تا بەشداری لە دانیشتنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئامریکا و گەڕی ساڵانەی ئابووریی جیهان لە داڤووسدا بکات.
کۆی ئەم پازڵە، دەرخەری گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا سەبارەت بە تێرۆریزمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لەوە ئەچێ لە داهاتوویەکی نزیکدا بینەر و بیسەری بڕیاراتی جیددیتر لەو بارەوە بین. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لە کاتێکدا بوو کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران لایان وابوو دەتوانن بە قسەی خۆیان ئامریکا تووشی «تەریککەوتن» بکەن و وەک خامنەیی وتی لە گۆشەی ڕینگدا تەنگی پێ هەڵچنن.
هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە ڕێژیمی ئێران بە هەڵدانی مووشەک بۆ ناو خاکی عێراق لە چەند لاوە تووشی زیانی گورچووبڕ بوو.
یەکەم ئەوەی کە سەروەریی وڵاتێکی پێشێل کرد و ئەوەش کاردانەوەی فەرمیی ناوچەیی و جیهانیی لێکەوتەوە و ئەو ترسە ڕاستەقینەی زەقتر کرد کە ڕێژیمی ئێران سڵ لە یاسا نێودەوڵەتییەکان ناکاتەوە و ئەو زەرفییەتە تۆقێنەرەی هەیە کە لە هەر کات و ساتێکدا بە مەبەستی هەڕەشە و تۆقاندن هەموو سنوورەکان ببەزێنێ.
لە لایەکیترەوە بەکارهێنانی مووشەک بە جۆرێک گریمانەکانی ئامریکای لەبارەی بەرنامەی مووشەکیی ئێران پشتڕاست کردەوە و ئەو وێنایەی لە ئێرانی خستبووەڕوو بە کردەوە بەدی هات.
هەموو ئەمانەش یەک کاتالیزۆری پێویست بوو تا ڕای گشتیی کۆمەڵگەی نێوخۆ و دەرەوە بخاتە پاڵ دەنگی دەوڵەتان و سیاسەتڤانان کە ئەویش ڕووی دا و سپای پاسداران بە لێدانی فرۆکەی ئۆکراین بە تەواوەتی خۆی لەو جێگەیە بینییەوە کە پێی وابوو ئامریکای لێیە و ئەوەش گۆشەی ڕینگێک بوو کە هەموو دونیا لە لایەک و ڕێژیمی ئێران وەکوو چەتەی لەداوکەوتوو لە لایەکیتر خۆی کز بوو.
لە ئێستادا ڕێژیمی ئێران خۆی، نەک لە بەرامبەر ئامریکا بەڵکوو لە بەرامبەر زۆربەی وڵاتانی دونیادا دەبینێتەوە و دەستەوەستان ماوەتەوە.
کۆی ئەم خاڵانە کە باسی لێوە کرا نیشان دەدات کە پێکەوەکارکردنێک لەئارادایە و دیوە ئاشکراکەی گەیەنەری پەیامێکی ڕوون و ڕاشکاوە، ئەویش ئەوەیە کە لەمەبەدوا ئەوە سیاسەتی بەرەوڕووبوونەوەیە کە بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران کاری پێ دەکرێ و ئەو ڕێژیمەش دەبێ ئەوەی لەبەرچاو بێ کە لە سیاسەتی بەرەوڕووبوونەوەدا ئیتر هەڵکردنێک، هاوشێوەی ئەوەی جاران، لەگەڵ سیاسەتی هەڕەشە — پوان_یدا لە ئارادا نییە.
ئەگەرچی ئامریکا هێشتا پێداگرە لەسەر دانیشتن و ڕێککەوتن، بەڵام ئەوە نابێ کەس تووشی ئەو هەڵەتێگەیشتنە بکات کە ئەم ڕێککەوتنە بە دڵخوازی ڕێژیمی ئێران دەبێت.
هۆیەکەشی ئاشکرایە؛ ڕێژیمی ئێران نە کارتێکی بەدەستەوە ماوە ـ جگە لە تێرۆر ـ و نە لە بنەڕەتەوە زەرفییەتی بەخۆداچوونەوەی تێدا هەیە.
لە ئێستەدا ڕێژیمی ئێران بەرەوڕووی هەڵوەرینی لایەنگرانی هەرە سەرەڕۆ و ڕادیکاڵی خۆی و پووکانەوەی ئایدیۆلۆژیک بووە، بەو واتایە کە وەکوو کۆتاییەکانی یەکییەتیی سۆڤییەت جگە لە پرۆپاگاندا هیچیتری بۆ پەردەپۆشکردنی بۆشایی گوتار و لاوازی لە کردارەکانی نییە و ئەوەش بەپێی گۆڕانکاری لە دونیای پەیوەندیی ئەمڕۆدا مومکین نییە.
وەک دیتمان فیلمهەڵگرتنێکی ئاسایی و کورت بە دەست کەسێکی ئاماتۆرەوە، وای کرد کە ڕێژیم تووشی سەرلێشێواوی بێت و لە کۆتاییدا ناچار بوو کە ئەو هاووڵاتییە دەسبەسەر بکات.

## چاکسازییە کاولکەرەکان

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەکوو هاوشێوەکانی خۆی، لەبەر ئەوەی هەموو زەرفییەتەکانی بۆ بەرەوپێش بردنی ئایدیۆلۆژییە نەزۆکەکەی تەرخان کردووە لە ڕاستییەکان و ئەوەی پێی دەوترێ ئەرزی واقیع دوور کەوتووەتەوە. ئەو دوورکەوتنەوەیە تا ئاستێکە کە خامنەیی بەوپەڕی دڵنیایی و قسەسوورییەوە باس لە شکاندنی پێوانەکان و لێدانی ڕێکۆردە جیهانییەکان دەکات.
ئەو ڕێوشوێنگەلەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا گیراونەتەبەر ئەگەرچی لە دیوی مەنتقی ڕێژیمی ئێرانەوە، زۆر پراگماتیک هاتوونەتە بەرچاو، بەڵام لە لایەکیترەوە، تەنیا سیاسەتی «ڕاکردن بەرەو پێشەوە» بووە، بەو واتایە کە بەسەر ڕاستییەکانی لاوازیی خۆی بازی داوە و خۆی بەهێز و خاوەن ئیرادە نیشان داوە و ئەمەش وای کردووە کە لاوازییەکانی لە کات و ساتێکی وەک ئێستەدا بگەنە ئاستێک کە ببنە هەرەسێک و بەسەر ویلایەتی فەقیهدا بەر ببنەوە. بەدیوێکتردا بۆ ڕێژیمێک کە لە ناوچەدا تووشی شکست بووە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە دژبەرانی بە هەڕەشە پێمل بکات، بەڵام ئەوە لە دیوە ڕاستەقینە سیاسییەکەیدا قووڵبوونەوە و شۆڕبوونەوەی زیاترە بۆ ناو قەیرانێکی درێژخایەنتر و پرووکێنەرتر.
لە ماوەی ڕابردوودا گەڵاڵەی ئاشتیی ناوچەیی زەریف و وەزارەتی دەرەوەی ئێران، نیشانەیەک بوو لەوەی کە دەیانهەوێ ئەم قەیرانە لە شوێنێکدا ڕابگرن، بەڵام وەک دیتمان ئەم هەوڵە درەنگتر لەوەی پێویست بوو، دەستپێکرد و بێ وەڵام مایەوە و هیچ وڵاتێک بە پێشوازییەوە نەڕۆیشت.
لە لایەکیترەوە بوودجەی ساڵی داهاتوو کە لای دوڵەتی ڕۆحانییەوە بە بوودجەی هیوابەخش ناودێر کراوە، دەرخەری خۆهەڵخەڵەتاندن یان بەواتایەکی ڕاستەقینەتر خەڵکخەڵەتاندنە. ڕێژیم کە لە ئێستادا نزیک بە سێسەد هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێ، بوودجەی ساڵی داهاتووی هەتاویی لەسەر بنەمای هەناردەی یەک میلیۆن بەرمیل بەستووە.
ئەم بوودجەیە نیشان دەدات کە ڕێژیمی ئێران دەستی بەتاڵە و لەگەڵ ئەوەی دەزانێ کە تووشی قەیرانی گەورەتر دەبێ بەڵام بەهۆی ماهییەتی ئایدیۆلۆژیکەکەیەوە، ناتوانێ دەست بۆ بەخۆداچوونەوە بەرێ.
هەر بۆیە ئەو شیمانەیە کە ڕێژیمی ئێران بەشێوەی ئۆتۆماتیک بە درێژەپێدانی و پێڕەوکردنی سیاسەتی ئایدیۆلۆژیکی خۆی بەرەو خاڵی تەقینەوەی جەماوەریی ناوخۆیی و پەراوێزکەوتوویی و مەحکوومییەتی جیهانی بڕوات، مەنتقی دەنوێنێ و دەبێ بزانین کە ئاخۆ ریسکەکانی ڕێژیم بۆ دەربازبوون لەم ڕەوتە بێگەڕانەوەیە چییە و چۆن دەیهەوێ ڕووخانی خۆی وەدوا بخات.
وەکیتر ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی کە ئێران بباتەوە ناو کاکڵی وڵاتێکی نۆرماڵ وێنا ناکرێت.

# ئێکۆتێرۆریزم بەردەوامە لە پەرەسەندن! وریا بن!

ئا: کوردستان

ساڵانێکی دوورودرێژە کە نیشتمانی پڕ لە سامان و سەرچاوەی پڕ لە پیتی هەوێنەکانی ژیانمان واتە هەرێمی زاگرۆس، کەوتۆتە ژێر چەپۆکی خەیانەت و پەلاماری تێکدەران و چاونەزێریی کۆلۆنیالیزمی زاڵ بەسەر ئەم هەرێمە! بەچەشنێک کە کون و قوژبنی زاگرۆس نەماوە کە دەسەڵاتی ڕەها و دژەژینگەی کۆماری ویلایەتی فەقیهی زەفەری پێ نەبردبێ و زەبری گورجبڕی لێ نەوەشاندبێ.
بە پێی دوایین ڕاپۆرت و هەواڵە پێوەندیدارەکان و وتەی شایەتحاڵان لە ناوچەکانی وەک مەریوان و هەورامان، دیاردەیەکی مەترسیداری نوێ لە چوارچێوەی هێرشە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی بۆسەر ژینگە سەری هەڵداوە کە ئامانجی کاولکردنی زیاتری زاگرۆسە و تا دێت زیاتر پەرە ئەسێنێت.
لەمبارەوە ئەنجومەنی سەوزی چیا لە مەریوان بە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەک ڕوو لە هەموو ژینگەدۆستان، ئاگاداری کردوونەتەوە کە تێکدەران و ناحەزانی ژینگە بە فێڵێکی نوێوە گەڕاونەتەوە تاکوو ژینگەی زاگرۆس قەڵاچۆ بکەن؛ بەوتەی ئەم ئەنجومەنە دوژمنانی ژینگە دەورووبەری داربەڕووەکان لە نێوان گوندەکانی «کانیسانان و نێ»، ئەکەن بە باخە ترێ و پاشان بەرە بەرە بۆ ئەوەی بە یەکجاری بەرچاو نەبێت داربەڕووەکان لە ناو ئەبەن یان هەر لە سەرەتاوە دارستانەکە بڕ ئەخەن کە گوایە ئەمە موڵکی خۆمان بووە!
دارستان و لێڕەوارەکانی زاگرۆس لە دوو وەرزی سەرما و گەرما و بە دوو شێوازی جیاواز دەکرینە ئامانجی ئێکۆتێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی؛ لە وەرزی هاوین و گەرمادا سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی دیکەی ڕێژیم بە ئاگردانی دارستانەکان خەساری قەرەبوونەکراو دەگەیەننە ژینگەکەمان و لە وەرزی سەرما و زستانیشدا بە بڕینەوەی دارستانەکان کە دەبێ وەک شاڕەگ و ماکەی هەناسەکێشانی زاگرۆس سەیری بکەین هەوڵ دەدەن زاگرۆس و زاگرۆسییەکان لە هەناسە بخەن!
لەگەڵ ئەوەیکە دارستانە بەڕووەکانی مەریوان و هەورامان و ناوچە باشوورییەکانی زاگرۆس ساڵانە ئاگریان تێبەر ئەدرێت، دیسانەوە هەلپەرستانی قازانجخواز کە شوناسی بەشێکیان دیارە(!) بە هۆکاری پاساوهەڵنەگر دیسانەوە هەوڵی بڕین و لەنێوبردنیان ئەدەن تاکوو لە شاڵاوی ڕەشی قڕکردن و فەوتاندنی زاگرۆس لە ڕێژیمی ملهوڕ دوا نەکەون.
ئەم جینایەتە سامناکە تەنیا ناوچەیەکی بەرتەسک یان هەرێمێکی دیاریکراو ناگرێتەوە و بەپێچەوانەوە زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنن؛ بۆنموونە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا دارستانەکانی گوندی «قازانلی» لەلایەن فەرمانبەرانی جەنگەڵبانییەوە بڕدران و ئەگەرچی خەڵکی ناوچە نارەزایەتییان بەم کردەوەی مۆرەکانی ریژیم دەربڕی بەڵام هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ ڕێگری لەم کردارانە نەهاتە ئاراوە.
هەڵبەت هەوڵدان بۆ ژینگەی زاگرۆس تەنیا لە چوارچێوەی دارستانەکان قەتیس نەماوەتەوە و زۆربەی بیاڤەکانی تریشی گرتۆتەوە کە دەکرێ وەک نموونە ئاماژە بە پیسکردنی ڕووبارەکان، تاڵاوەکان و زەریاچەکانی زاگرۆسیش بکەین کە لە هەندێ شوێنی وەک ئیلام لەڕێگەی پاشماوەی نەخۆشخانەکان ئەنجام دەدرێت و لە شارەکانی وەک سنە و مەریوانیش لەڕێگەی ئەڕابەکانی مەرگەوە!
تەنانەت ئەم جینایەتکارانە لە خۆشەویستیی زاگرۆسییەکان بۆ ژینگەیان کەڵکاوەژوو وەردەگرن و بە ئاگردانی ژینگە و دارستانەکان، هەوڵ دەدەن خەڵک و ژینگەدۆستان سەرقاڵ بکەن تاکوو یان ڕێگری بکەن لە هەندێ نارەزایەتی و هەمیش وەک تاکتیکێک بۆ بەڕێوەبردنی هەندێ لە پیلانە سیاسییەکانیان کەڵکی لێوەربگرن؛ لەمبارەوە دەتوانین ئاماژە بە سووتاندنی زەلکاوەکانی گۆلی زرێبار لە ١ی بەفرانبار، بکەین کە لە ١٠ لایەوە ئاگر بەر درایە زەلکاوەکانی زرێبار و خەسارێکی زۆر بەر ژینگەی ئەم گۆلە گەیشت. ئەوەیکە ڕوونە دەستوپەیوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران ڕاستەوخۆ لەم کارەدا دەستیان هەبوو و ویستیان چالاکانی مەدەنی و ژینگەیی مەریوان بەمەوە سەرقاڵ بکەن، تاکوو ئەم کەسانە لە ئەگەری خرۆشانی خەڵک بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە گیانلەدەستدانی دوو کۆڵبەری نییی، نەتوانن لەگەڵ خەڵکدا بن». بەگشتی ئەگەرچی ژینگەی زاگرۆس پۆتانسییەلێکی گونجاوی بۆ پەرەدان بە «ئێکۆتووریزم» هەیە و دەکرێ لەم ڕێگەوە داهاتێکی باش بۆ دانیشتووانەکەی دابین بکرێت بەڵام ڕێژیمی دژەکوردی ککۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی خۆی خستوەتە گەڕ تاکوو ئێکۆتوریزم لە زاگرۆسدا بکاتە «ئێکۆتێرۆریزم» کە یەکێکە لە مەترسیدارترین شێوازەکانی تێرۆر و ڕێژیمی تاران تێیدا دەستێکی باڵای هەیە. ئەوەیکە ڕوونە زۆرجار وتراوە و دەبێ دووبارە وەبیر بهێنرێتەوە ئەو ڕاستییەیە کە «پاراستنی ژینگە پاراستنی ژیانە» و لەم ڕێگە سەخت و پڕ کەندولەندەدا تەنیا خۆمانین کە دەتوانین فریای خۆمان بکەوین و ئەگەر ئەم کارە نەکەین و لەمبارەوە ڕۆشنگەری پێویست نەدەین ئەوا بە دڵنیاییەوە هەناسەمان دەقرتێن و هەلی ژیانمان لێ دەستێنن کەواتە با «ژیانمان بپارێزین».

# مێژووی سەروەریی سیاسی
# لە حکوومەتی ئەردەڵانەوە تا کۆمار

ئاژوان مەریوان

**ئەوەی مێژووی خۆی نەزانێت، داهاتوویەکی نابێت!**

نەتەوەی کورد لە مێژووی خۆیدا خاوەنی سەروەری و حکومڕانیی خۆی بووە، ئەم نەتەوە قەت لە مێژوودا بێ کیان و حکوومەت نەبووە، بەڵام مخابن مێژوویەک کە لەلایەن موستەشرقانی بریتانیایی و بە هاوکاریی داگیرکەرانی ئەم خاکە نووسراوەتە بە مەبەستی مێژووسازی بۆ پرۆسەی بە دەوڵەت-نەتەوەبوونی مۆدێرن، مێژوویەکی چەواشە و بەلاڕێبراویان دەرخواردی نەتەوەکەمان داوە، تا هەست بە حوزووری خۆی لە ڕەوتی مێژووی جیهانیدا نەکات.

گەلۆ جێگای بڕوایە نەتەوەیەکی مەزن وەکوو کورد لەسەر ئاخی خۆی هەزاران ساڵ خاوەنی سەروەری و حوکمڕانیی خۆی نەبوویێت بەڵام زمان و شوناسی لە دوای هەزاران ساڵ هەروا پارێزراو مابێتەوە!

لێرەدایە کە پرسیارێک لە زەینی تاکی کورددا شکڵ دەگرێت، کە گەلۆ حکوومەتەکانی ڕابردوو چ لە فۆرمی دەسەڵاتێکی تەواو سەربەخۆ و چ وەکوو میرایەتییە کوردییەکان و چ ئیمپراتوریەتی ئەیووبییەکان بە نوێنەری کورد دێنە ئەژمار، یان باشتر وایە بڵێین حکوومەتێکی کوردی بوونە؟ یان دەسەڵاتی ئیسلامی، خێڵ، هۆز و دەرەبەگەکان بوونە.

لێرەدایە کە پێویستیی خوێندنەوەیەکی ورد لە مێژووی سەروەری لە جیهان و تێگەیشتن لە دیسکۆرسی زاڵ لە هەر سەردەمێکی مێژووی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەبێتەوە؛ ئەوەیکە لێرەدا بۆ تاکی کورد گرینگە تێگەیشتنە لە دیسکۆرسی زاڵ لە سەردەمی مۆدێرندا کە دەوڵەت- نەتەوە چەمکێکی نوێیە لە مێژووی حوکمڕانی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا کە دەرەنجامی شۆڕشی فەڕانسە و ئورووپای نوێیە و نەتەوەی کوردیش لەم ڕەوتە بێبەش نەبووە!

سەروەری تا ڕادەیەک بیرۆکەیەکی تازەیە و بە گەلێک بارودۆخی مێژوییدا تێپەڕیوە، لە سەردەمی کۆندا شتێک نەبووە بە ناوی سەروەریی دەوڵەت، ئەوەی لە ڕۆژگاری کۆندا بووە، پادشا یان حاکمی وڵات، بە تەنیا خۆی مافی سەروەریی هەبووە و بە ئارەزووی خۆی وڵاتی بەسەر کەسوکار و خزمە نزیکەکانی خۆیدا دابەش کردووە، خۆی بڕیاری جەنگی داوە و خۆی ئاشتیی ڕاگەیاندووە، هەموو ئەو مافەشی بە مافێکی خودایانە بۆ خۆی داناوە.

سەروەری بە شێوەی گشتی و سادە بە واتای هەیمەنە و دەسەڵاتی تەواوە. ئەم چەمکە بناغەدانەری سیستەمی نوێی نێودەوڵەتییە و بە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە لە جیهاندا شەرعییەت دەبەخشێت. لە ئاستی یەکەمدا، سەروەری بە واتای کۆنترۆڵی خەڵک و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی جوگرافیاییە. ئەم چەشنە لە کۆنترۆڵ، لەنێو چوارچێوەی حکوومەتەوە ئیعمال دەکرێت و ڕەوتی مێژوو سەلمێنەری گەشەی بەردەوامی ئەم سیستەمەیە کە لەلایەن دەوڵەتانی نەتەوەیی و هێزی دەوڵەت لە ناوەندی ئەم سیستەمەدا چڕ دەبێتەوە.

سەروەری لە مێژووی خۆیدا چەند قۆناغی بڕیوە؛ لە هەندێک لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، سەروەری لەلایەن کەس یان گرووپێکەوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی جوغرافیایی- سیاسیدا قۆرغ دەکرێت، سەروەری لەم قۆناغەدا لەسەر بنەمای هێز و بە پاڵپشتیی هێزی ماددیی ڕێبەرەکانیەوە مسۆگەر دەبێت، بەم پێیە شێوەگەلێکی جیاواز لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی لێدەکەوێتەوە کە لە ئیمپراتۆرییەتە فرە ئێتنیکییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە سیستمگەلی پاشایەتی و تیئۆکرات.

لە سیستەمی فیئۆدالیی ئورووپا لە سەدەکانی ناویندا، فیئۆداڵەکان لە چوارچێوەی پارچە زەوییەکی دیاریکراودا کە لەژێر دەستیاندا بوو دەسەڵاتی خۆیان دەنواند، بەڵام فیئۆداڵەکانیش دەبا لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی پادشاکەیاندا بجووڵێنەوە. بەڵام ڕەوشەکە هەروا ئاسان نەبوو و بڕێ کات فیئۆداڵێک لە ناوچەیەکدا دەسەڵاتی لە پادشاکەی خۆی زۆرتر بوو، بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە «دوکی بورگاندی» بکرێت کە دەسەڵاتی لە پادشایەتی فەرانسە لە سەردەمی خۆیدا زۆرتر بوو.

لە دوای سەدەکانی ناویندا هێدی هێدی دەسەڵاتی کلیسا و فیئۆداڵەکان کەمتر دەبووەوە و بەستێن بۆ دەسەڵاتی ڕەهای پادشایەتی دەستەبەر دەبوو.

جێگەی ئاماژەیە لە پرسی سەروەری لە ئورووپادا، دەسەڵاتی کلیسا بەسەر ژیان و بارودۆخی سیاسییەوە شوێندانەر و کارتێکەر بوو، لە هەقیقەتدا پادشا یان لۆرد لە ئیعماڵی دەسەڵات و سەروەریی خۆیاندا بەرەوڕووی دەخاڵەت و تێبینییەکانی کلیسای کاتۆلیک بە ڕێبەرایەتیی «پاپ» دەبوونەوە، کە ئەمە خاڵێکی گرینگە لە تێگەیشتنی مێژووی سەروەری لە جیهاندا.

لە مێژووی کۆن لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئێراندا دەسەڵات مەشرووعیەتی خۆی لە ئاسمان وەردەگرت و دەسەڵات هێڵێکی ئەستوونی هەبوو، کەواتە پادشاکان خۆیان بە نوێنەری ئاسمان و خودا لەسەر گۆی زەوی دەزانی و پشت بەستوو بە ئایین و هێزی نیزامی، سەروەریی خۆیان دەنواند.

حکوومەتگەلێک کە دوای هاتنی ئیسلام بە دەسەڵات گەیشتن، وەکوو سەفاریان، سامانیان، تاهریان، سەلجووقیان، ئال بوویە، خوارەزمشاهییان و... هتد، هەر کامەیان لەلایەن کەسێکی بەهێزەوە و بە پاڵپشتی ئیل یان هۆزەکەیانەوە ڕادەپەڕان و بەسەر بەشێک لە جوگرافیادا زاڵ دەبوون و دەسەڵاتی ئەو ناوچەیانە دەگرتە دەستی خۆیان و هەرێمێکیان ڕادەگەیاند؛ بەڵام لێرەدایە کە بوونێک لە دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، ئەوان هێزی خۆیان بەسەر بەشێک لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا ئیعمال دەکەن و لە هەمان کاتدا لەوانەیە بۆ خۆیان باج بە حاکمێکی دیکە بدەن یان لەژێر چەتری ئیمپراتوریەتێکی دیکەدا بن، بۆ نموونە غەزنەوییان باجیان بە خەلیفەی عەباسی لە بەغدا دەدا و خۆیان بە نوێنەری ناوبراو لە هەرێمەکەی خۆیان دەزانی.

نموونەیەکی دیکە لە مێژووی ئێراندا کاتێک بەرەو ڕووی مێژووی غەزنەویان دەبینەوە سوڵتان «مەحموود»، سوڵتانێک لە بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەک تورک لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا بوو کە بە جەنگ و هێزی شمشێر بەشێک لە خاکی جوگرافیای ئێرانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

**تیئۆرییەکانی سەروەری لە سەدەکانی ناوینەوە تا سەرەتای سەردەمی مۆدێرن:**

لە سەدەکانی ناویندا یەکێک لە تیئۆرییە باوەکانی سەروەری، تیئۆرییەکانی «تۆماس ئاکونیاس» بوو. بیردۆزەکانی ئەو لەژێر کارتێکەریی ئامۆژگارییەکانی کلیسادا بوو، ناوبراو باوەڕمەند بوو بەوەی کە سەروەری لەلایەن خوداوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو سەروەرییەی لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە ئیعمال دەکرێن، سەرچاوەی لە خوداوەیە و هەر بۆیە فەرمانڕەواکان ناچارن هێز و دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ئایین و ڕێنماییەکانی مەسیحییەت بەڕێوە بەرن، بە پێچەوانەی ئەمە خەڵک بۆیان هەیە فەرمانڕەواکەیان لەسەر دەسەڵات لادەن.

بە تێپەڕینی کات، ڕوانین بۆ سەروەری لەسەر چەمکی «پادشایەتیی ملهۆڕانە» بیچمی گرت.

«تۆماس هابز»ی بریتانی پێی وابوو سەرچاوەی هێز لە ئاسمانەوە نییە و بەڵکوو لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێوانی خەڵک و فەرمانڕەواکەیاندا بەستراوە؛ بەپێی ئەم گرێبەستە خەڵک لە بەشێک لە مافە سروشتییەکانیان دەگوزەرێن و لە بەرانبەردا حکوومەت تەناهی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەرگری لە بوونیان دەستەبەر دەکات.

پاشتر «جان لاک»، فەیلەسووفی بریتانیایی بە جەختکردنەوە لەسەر مافی سروشتیی خەڵک و بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ئاسۆیەکی نوێی لە سەروەری نەخشاند.

بەپێی بۆچوونەکانی «جان لاک»، سەروەری لەلایەن خەڵکەوە دراوەتە دەستی حکوومەت، بۆ ئەوەی کە پارێزگاری مافە سروشتییەکان و خەڵکەکەی بێت. وێنای ئەوەی کە سەرچاوەی سەروەری دەبێ لەلایەن خەڵکەوە بێت، بووەتە سەرەکیترین بنەمای دێموکراسی و لە شۆڕشی فەڕانسە و یاسای بنەڕەتیی ئامریکادا گەشەی کرد.

«ژان بۆدن»، فەیلەسووفی فەرانسەوی بە تیئۆرییەکانی بەستێنی بۆ دەوڵەتی ملهوڕانە ڕەخساند و هەروەها پەیمانی ئاشتیی وێستێفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ی زایینیدا، بەستێنی پراکتیکی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوەکان بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە سەروەری ڕەخساند، سەروەری لەم چەشنە حکوومەتە نوێیانەدا لە پاوانی حکوومەتی ناوەندیدا بوون و بەگشتی لەژێر هەژموونیی کلیسادا هاتبوونە دەرەوە.

خاڵی گرینگ لە پاش پەیمانی ئاشتیی وێستفالیا ئەوە بوو کە لە بواری مافی نێونەتەوەییەوە دەوڵەت- نەتەوە پێکهاتووەکان سەرەڕای جیاوازی پانتایی جوگرافیایی و هێزی سەربازییان، خاوەنی سەروەریی یەکسان و هاوشێوە بوون کە ئەم ڕەوتە بووە هێنانە ئارای سیستەمی دەوڵەت تەوەر لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا.

**مێژووی سەروەریی سیاسی لە حکوومەتی ئەردەڵانەوە تا کۆمار:**

لە پاش هاتنی ئیسلام، لە کوردستاندا چەندین حکوومەت و میرنشینی کوردی فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتەیان کردووە، کوردستان بەپێی هەلومەرجی تایبەتی جوگرافیایی- کۆمەڵایەتیی خۆی، بەردەوام قەڵای لەگیراننەهاتووی دوژمان و داگیرکەرانی بووە و هیچ لایەنێک نەیتوانیوە سەروەریی خۆی بەسەر هۆز و عەشیرە کوردییەکاندا بسەپێنێت.

حکوومەتی ئەردەڵان لە کوردستاندا بۆ ماوەی هەفت سەدە دەسەڵاتداری کوردستان بووە، حکوومەتی ئەردەڵان لەو دەگمەن میرنشینگەلەیە کە بۆ ماوەی چەندین سەدە نەچووەتە ژێر ڕکێفی هیچ ئیمپراتووریەک و خاوەنی سەروەری خۆی بووە، لە ململانێی نێوان دوو ئیمپراتووریای عوسمانی و سەفەوی بەردەوام بەرگریی تەواوی لە جوگرافیای ژێر دەسەڵات و سەروەریی خۆی کردووە و ملی بۆ دەسەڵاتی هیچ کام لەم دوو زلهێزە نەوی نەکردووە، ئەوەی کە لێرەدا جێی ئاماژەیە حکوومەتی ئەردەڵان هەتاکوو سەردەمی شا عەباسی یەکەمی سەفەوی وەکوو حکوومەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی کردووە و سەروەری سیاسیی خۆی بە تەواوەتی بەسەر خاکی کوردستاندا وەکوو حکوومەتێکی سەربەخۆ پاراستووە.

«هەڵۆ خان»، بەناوبانگترین فەرمانڕەوای حکوومەتی ئەردەڵان (١٠٢٦-٩٩٨ ک.م) ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە «مملکت مستقله» یان دەوڵەتی «علیحده» ناو دەبرد. شا عەباس سپایەکی ١٠هەزار کەسیی بە سەرکردایەتیی «حوسێن خان»، حاکمی لوڕستان، بۆ داگیرکردنی کوردستانی ئەردەڵان نارد، کە لە شەڕێکی گراندا لە بەرانبەر لەشکری کوردستان دەشکێن، لەشکرکێشییە یەک لە دوای یەکەکانی حکوومەتی سەفەوی بێ کەڵک دەبن و شا عەباس ناچار دەبێت خۆی سەرکردایەتی لەشکرەکەی بکات، کە ئەویش ئاکامێکی جگە لە شکست بۆ سوپای داگیرکەر نابێت.

لە پاش شکانی لەشکری داگیرکەری سەفەوییە بۆ سەر وڵاتی کوردستان، شا عەباس هەوڵ دەدات لە دەرگای ئاشتی و وتوویژەوە بێتە پێشەوە، هەڵۆ خانیش لەبەر بارودۆخی تایبەتی ئەو سەردەمە و مەترسیی عوسمانییەکان، ئەم ئاشتییە قەبووڵ دەکات و کوڕەکەی و لێژنەیەک دەنێرێتە ئیسفەهان. لە ساڵی ١٠٢٥ی ک.م، خان ئەحمەد خان کوڕی هەڵۆ خان کە لە دەرباری سەفەویدا گەورە ببوو و زاوای شا عەباس بوو، لەلایەن دەرباری سەفەوییەوە ڕادەسپێردرێت بۆ وەلانانی هەڵۆخان و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی، خان ئەحمەد خان بە یارمەتیی دایکی و خیانەتی سەرۆک هۆز و عەشیرەکاندا لە کودەتایەکی سەرکەوتوودا کۆتایی بە دەسەڵاتی هەڵۆخان دەهێنێت و کەلەپچەکراو هەڵۆخان ڕەوانەی ئیسفەهان دەکات.

بە داگیرکردنی کوردستان لە ئاکامی خیانەت و خۆبەدەستەوەدان لە ساڵی ١٠٢٦ی ک.م، کوردستان کە هەتا ئەو سەردەمە سەربەخۆ بوو بە شێوەی فەرمی پەیوەست بە ئیمپراتووریای سەفەوی دەبێت، سەربەخۆیی و سەروەری تەواوی خۆی لەدەست دەدات و بە شێوەی فەرمی دەبێتە ئیالەتێکی ئەو ئیمپراتۆرییەتە.

لە پاش ئەم ڕووداوەوە ئەردەڵانەکان هەتا کۆتایی تەمەنیان لە سەردەمی قاجارییەدا ناتوانن سەربەخۆیی و سەروەریی لەدەستچوویان بگەڕێننەوە.

ئەوەی کە گرینگە تا سەدەی بیستەم لە کوردستاندا شوناسی نەتەوەیی دیسکۆرسی زاڵ نەبووە، ئەگەر لە مێژووی کوردستاندا شوناسی نەتەوەیی نەکەین بە بنەمایەک بۆ خوێندنەوەی مێژووی سەروەری لە کوردستاندا واتە بە چاویلکەی دیسکۆرسی زاڵ لە سەردەمی مۆدێرندا نەڕوانینە هێڵی مێژوو، هێڵێکی پەیوەستە لە مێژووی سەروەری لە کوردستاندا وەبەرچاو دەکەوێت. کۆماری کوردستان درێژە و تەداومی هەمان دەسەڵاتی کوردیی هۆز و عەشیرەتەکانی سەرانسەری کوردستان بوو، کە لە فۆرمێکی مۆدێرن و ئەمڕۆییدا و لەژێر ناوی سیستەمی کۆماریدا دیسان سەری هەڵدایەوە.

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەکوو یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی کە لەسەر هەمان بناغەی لەدەستچوونی سەروەری بووە دەکرێت وەها خوێندنەوە بۆ بابەتەکە بکرێت کە دەسەڵاتدارییەکی کوردی لەنێوچووە دیسان لە زەرووەرەتێکی مێژوویی نوێدا و لە چوارچێوەیەکی گوتارێکی نوێدا بەڵام لەسەر هەمان بناغە حکوومەتێکی کوردیی دیکە دامەزراوەتەوە. ئەوەی لێرەدا گرینگە، تاکی کورد دەبێ بناغەی سەرەکی لە ڕەوایەتی مێژوویی خۆیدا «کوردستان» بێت، کوردستان وەکوو کانستراکشێن. کوردستان بەردەوام خاوەنی حاکمییەت و سەروەریی خۆی بووە، گرینگ نییە کێ بووە و کێ هاتووە.



**حکوومەتی ئەردەڵان لە کوردستاندا بۆ ماوەی هەفت سەدە دەسەڵاتداری کوردستان بووە، حکوومەتی ئەردەڵان لەو دەگمەن میرنشینگەلەیە کە بۆ ماوەی چەندین سەدە نەچووەتە ژێر ڕکێفی هیچ ئیمپراتووریەک و خاوەنی سەروەری خۆی بووە، لە ململانێی نێوان دوو ئیمپراتووریای عوسمانی و سەفەوی بەردەوام بەرگریی تەواوی لە جوگرافیای ژێر دەسەڵات و سەروەریی خۆی کردووە و ملی بۆ دەسەڵاتی هیچ کام لەم دوو زلهێزە نەوی نەکردووە، ئەوەی کە لێرەدا جێی ئاماژەیە حکوومەتی ئەردەڵان هەتاکوو سەردەمی شاعەباسی یەکەمی سەفەوی وەکوو حکوومەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی کردووە و سەروەری سیاسیی خۆی بە تەواوەتی بەسەر خاکی کوردستاندا وەکوو حکوومەتێکی سەربەخۆ پاراستووە**

**کۆماری کوردستان درێژە و تەداومی هەمان دەسەڵاتی کوردیی هۆز و عەشیرەتەکانی سەرانسەری کوردستان بوو، کە لە فۆرمێکی مۆدێرن و ئەمڕۆییدا و لەژێر ناوی سیستمی کۆماریدا دیسان سەری هەڵدایەوە**

# سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی پاش زیاتر لە چوار دەیە

**شەماڵ تەرغیبی**

**لەدوای شۆڕشی ساڵی ٥٧، تازەبەدەسەڵاتگەیشتووانی تاران و لەسەرووی هەموانەوە شەخسی خومەینی، بناغەی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامییان لەسەر چەمکێکی ناڕوون دامەزراند؛ چەمکی «استکبارستیزی»!**

**"دوژمن" بۆ کۆماری ئیسلامی "کۆد"یکی گرینگە کە بەهۆیەوە خەڵک و داواکارییەکانیان لە کۆڵ دەکەنەوە و لەهەمان کاتیشدا ڕێگە بۆ دیپلۆماسی شەڕ خۆش دەکەن و ڕەوایی بە دەستێوەردان و خوێنڕشتنەکانیان دەدەن**

لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ی هەتاویدا و پاش چەند ساڵ هەوڵ و دانی نرخی قورس لەلایەن گەلانی ئێرانەوە، تاقمێکی بیرتەسك توانییان باڵی نگریسیان بەسەر شۆڕش و بەشێکی بەرچاو لە شۆڕشگێڕانی ڕاپەڕیو لەدژی سیستەمی سەرەڕۆی پاشایەتیدا بکێشن و هەوڵ و نرخی ئەوان بەفیڕۆ بدەن و دەسکەوتەکانی شۆڕشیش بەتاڵان بەرن؛ بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتایەک بوو بۆ تاڵانکاری و تاوانی زیاتر لە هەموو ئاست و ڕەهەندەکانی ژیانی دانیشتووانی ئەو جوغرافیایەی کە پێی دەوترێ «ئێران». زۆرجار وتراوە کە شۆڕشی ساڵی ٥٧ی ئێران، دوایین شۆڕشی کلاسیکی سەدەی بیستەم بوو کە گۆڕانکاری بنچینەیی لەسەر گرێچن و گشتییەتی ئەم وڵاتەدا پێکهێنا؛ گۆڕانێک کە بە چاوخشاندنێکی سەرەپێیی دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوەیکە هەموو جمگەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگای گرتەوە بەڵام هەموو جەمسەرەکانیشی بەرەو پاش بردەوە! یەکێک لەو ڕەهەندە گرینگانە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران داناوە و لە ئێستەشدا بەردەوام باندۆڕ دادەنێت، بیاڤی «سیاسەتی دەرەکی» ئێرانە کە لەژێر کۆنتڕۆڵ و چاودێری دەوڵەتە یەکلەدوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە و بەپێی سرووشتی کاری حکومەتداریش، ڕێکخستن، بەرینایەتی و ئاستی دیپلۆماسی هەر وڵاتێک گرێدراوە بە بنەما فکرییەکانی ئەو حکوومەتەوە؛ کە ئەم ڕاستییە کاریگەری لەسەر پێوەندییە ئابووری، فەرهەنگی و ئینسانییەکانی نێوان وڵاتانیش دادەنێت و کاریگەرییان لێوەردەگرێ! لەدوای شۆڕشی ساڵی ٥٧، تازەبەدەسەڵاتگەیشتووانی تاران و لەسەرووی هەموانەوە شەخسی خومەینی، بناغەی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامییان لەسەر چەمکێکی ناڕوون دامەزراند؛ چەمکی «استکبارستیزی»! دواتریش بۆ پێناسەی ئەم چەمکە ناڕوونە ڕاگەیەندرا کە ئامانج، داکۆکیکردن لە مافی هەموو موسوڵمانانی جیهانە، بەڵام زۆری پێنەچوو کە بەشێک لە ڕەوتە ئیسلامییەکان و وڵاتانی باوەڕمەند بە ئایینی ئیسلام کە بۆخۆشیان هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی دژی ڕۆژاوا بوون، لە لیستی دژی کۆماری ئیسلامیدا جێیان گرت و ئەم سیاسەتە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی تەمەنیدا لەگەڵ شکستی جەوهەری بەرەوڕوو بوویەوە و لە نێوەڕۆک بەتاڵ کرا. بەبارمتەگرتنی کارگێڕانی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران لە ساڵی ٥٨، شەڕی ئێران و عێراق، ڕووداوە پێوەندیدارەکان بە سەلمان ڕۆشدی، پەلامارە تێرۆریستییەکان لە خاکی وڵاتانی ئورووپایی و گرینگترینیان ڕووداوی میکۆنۆس و ئامیا، بەرنامە ناوکی و مووشەکییەکانی تاران، تەقینەوە و تیرۆرەکان لە لوبنان و کوەیت و ئەمارات و عەرەبستان و کێشە دیپلۆماتیکەکان لەگەڵ عەرەبستان و ڕووداوی حەج لەساڵی ٦٦، لەگەڵ وڵاتی عێراق، وڵاتانی کەنداو، وڵاتانی دەوروبەری زەریای خەزەر و ئاسیای ناوەندی،دژایەتی ئیسڕائیل و پشتگریی کردنی گرووپە تێرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن، گرڕپە توندڕەوەکانی سەر بە سوپای پاسداران لە عێراق و .... تەنیا بەشێکن لەو سیاسەتە گشتییانەی کە تاران لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا ڕەچاوی کردووە. کۆماری ئیسلامی لەژێرناوی «ئیسلام» پشتیوانی لە ڕەوتە شیعە توندئاژۆکان دەکات تاکوو بە خەونە دێرینەکەی واتە سازکردنی ئیمپڕاتووریەتی شیعەی ویلایەتی بگات و بە خستنەژێر کۆنتڕۆڵی وڵاتانی ناوچە بە نەخشەی «هیلالی شیعی» خۆی ببێتە سەرکردەی بەرەیەکی پانوبەرینی ناوچەیی و دواتریش جەمسەرێکی بەهێز بۆ دژایەتیکردنی ڕۆژاوا. لەم ڕاستایەشدا و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش شۆڕش، شەڕێکی ئابووریی سەختی لەگەڵ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران وەڕێخست کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە و ڕوونە کە دووکەڵی ئەم ئاگرە بێبەزەییە تەنیا و تەنیا دەچێتە چاوی خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیا سیاسییە.

ئەگەرچی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتادا دژایەتی و دوژمنایەتییەکانی خۆی تەنیا لەگەڵ ئامریکا و ئیسڕائیل دەهێنا زمان بەڵام زۆری پێ نەچوو کە دەرکەوت ئەم دژایەتییانە کۆی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە هاوتەریب لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێژیم نین؛ ئەم ڕاستییەش لە هەموو ئەم ساڵانەدا بەڕوونی خۆیان پیشان داوە بەچەشنێک کە تەنانەت عەلی خامنەیی وەک جێگری خومەینی و بڕیاردەری سەرەکی بۆ دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی ڕێژیم لە ساڵی ٢٠١٣ ، بەفەرمی سەبارەت بە گەلانی ئورووپایی وتی: «نژادە ئورووپاییەکان وەحشین. ئەوان ڕواڵەتیان جوانە، کراوات دەبەستن و ئۆدکلۆن لێ دەدەن بەڵام ناخیان هەر ئەو جەوهەرە وەحشییەیە کە لە مێژوودا هەبووە و ئێستەش هەیە.»

لێرەدا بۆ ڕوونبوونەوەی ئەم مژارە لە دوو ڕەهەندەوە باسەکە شرۆڤە دەکەین؛ یەکەم «دیپلۆماسی فەرهەنگی» وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەکی و دووهەم، «دیپلۆماسی هەڵخەڵەتاندن و فریودان». سرووشتییە کە هەموو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ئاستی دەرەکی یان بۆ جێگیرکردنی سیاسەتە دەرەکییەکانی پێویستیی بە هەندێک ئامراز هەیە؛ هەروەك چۆن ئابووری، پڕۆپاگەندە، هێزی سەربازی، کەلتوور و ئایدیۆلۆژی، وەك ئامرازی سیاسەتی دەرەوە بەکار دێن، دیپلۆماسیش ئامرازێکە یان میکانیزمێکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە.

بەڵام دیپلۆماسیی گشتی، بەرفراوانترە لە دیپلۆماسیی فەرمی و هەموو ئامرازە فەرمی و نافەرمییەکانیش دەگرێتەوە، بەتایبەت ئامرازەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن دەوری سەرەکی و تەنانەت یەکلاکەرەوە دەگێڕن کە بۆ کاریگەریخستنە سەر ڕای گشتی، جێبەجێکردنی بەرنامەی ستراتیژی، بەرنامەی پەروەردە و کەلتووریی وڵاتێکە بە مەبەستی دروستکردنی پشتیوانیی دەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەیدا. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەم ڕاستایەدا هەموو ئامراز و جۆرەکانی هێزی (ڕەق و نەرم) بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە مەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی بەکار هێناوە و بەکار دێنێت. لە ساڵانی پاش شۆڕش و هاوکات لەگەڵ شەڕی ٨ ساڵە، ڕێژیم هەوڵی دەدا لە ئامرازی ڕەق بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە کەڵک وەربگرێت، بەڵام لە پاش فڕکردنی جامی ژەهر و کۆتاییهاتنی شەڕ، تاکتیکەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕووی لە هێزی نەرم کرد و بەتەواوی درکی بەو ڕاستییە کرد کە تواناییەکانی هێزی نەرم هەم کەمتێچووترن و هەم کاریگەری و شوێندانەرییان زیاتر و تەمەندارترە بۆیە هاوتەریب لەگەل هێزی ڕەق و بەهێزکردنی ئەم بەشە کەڵکیان لە هێزی نەرم و دیپلۆماسی فەرهەنگیش وەرگرت؛ لە ڕوانگەیەکی ترەوە هەنووکە ڕێژیم بەباشی دەزانێ کە «هەناردەکردنی شۆڕش»، کە سەرەکیترین ئامانجی ڕێژیم لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکییە، تەنیا لە ڕێگەی سەربازییەوە بەئەنجام ناگات، بەڵکوو چەندین ڕێگە و ڕێوشوێن و میکانیزمی جۆراوجۆری دیکەش بوونیان هەیە کە دەبێ بیگرێتە بەر. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژی و بەها و پێوەرە کەلتوورییەکانی خۆی، لە هەوڵی ئەوەدایە کە کەلتوور و پەیامی خۆی بۆ شوێندانەری و کاریگەری دروستکردن و نفووز پەرە پێ بدات. بەشێك لە ئامرازە سەرەکییەکانی ئەم دیپلۆماسییەیش بریتین لە بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکان کە لەنێوان کۆمەڵگاکان و ڕێکخراو و دامەزراوە ناحکومییەکاندا ئەنجام دەدرێت. ئەمەیش بۆ دروستکردنی وێنەیەکی خوازراو یان ڕواڵەتێکی ئەمڕۆییانە و خەڵکپەسندە بە مەبەستی بەدەستهێنانی هێزی نەرم. لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی و تەکنەلۆژیدا، یەکێك لە ڕەگەزەکانی هێزی دەوڵەتان دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و کاریگەریدانانە لەسەر فەزای مەجازی. گرنگیدان بە ڕەگەزە بەهایی و کەلتوورییەکان لە کایەی دیپلۆماسیدا، یەکێکە لەو ئامرازانەی کە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان کەڵکی لێوەردەگیرێ.

لێرەوە دیپلۆماسی، چیتر فەرمی و لەنێوان دەوڵەتان نییە و، بوارەکانی زانیاری و پەیوەندی و بازرگانی و زانستی و مەعریفی و پەروەردە و فێرکردن و... لەخۆدەگرێت. ئەوەیکە لێرەدا هێمای بۆ کرا تەنیا بەشێکە لەو هەوڵانەی ڕێژیمی تاران کە بەناوی دیپلۆماسییەوە لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکی خۆی ئەنجامی داوە بەڵام بەگشتی ئەوەیکە لە ئاکار و کرداری کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا دەردەکەوێ ئەو ڕاستییەیە کە هاوشێوەی هەموو بیاڤەکانی تر، لە پانتایی سیاسەتی دەرەکیشدا ڕێژیمی تاران لەسەر بنەمای دژایەتی کردن سیاسەت دەکات؛ دژایەتی ئامریکا، دژایەتی ئیسڕائیل، دژایەتی دنیای عەرەب، دژایەتی ئورووپا، دژایەتی چەمک و جیهانبینییە نوێکان، دژایەتی بڕیارنامە و میساقە نێونەتەوەییەکان، دژایەتی مافەکانی مرۆڤ و ....

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر، ئادۆڵف هیتلێر دەڵێ: «تەنانەت ئەگەر هیچ دوژمنێکیشت نییە، وەها بنوێنە کە وڵات لە مەترسیدایە. چونکە کاتێک خەڵک بترسن، ئامادە دەبن ببنە کۆیلەت و بۆ ڕزگاربوون لەو ترسەی کە خراوەتە زەینیان ئامادەن پێڕەوی لە سیاسەتوانان بکەن و ملکەچ بن!» ئەم قسەی هیتلێر بەتەواوی مانا لە سیستەمی دەسەڵاتداری ئێستەی ئێران وەڕاست دەگەڕێ؛ بەو واتایە کە سەرانی کۆماری ئیسلامی لەڕاستای دامرکاندنەوەی ویستە ڕەواکانی گەلانی ئەم وڵاتە و خۆدوورگرتن لە جەوهەری ڕاستەقینەی باس و بابەتەکان ناچارن خەڵک بە پرسە لاوەکییەکانەوە سەرقاڵ بکەن و بە سازکردنی دوژمنی فەڕزی و زەینی بۆیان، کە دەچێتە خانەی دیپلۆماسی هەڵخەڵەتاندن، هەوڵ بدەن ئاراستەی بیرکردنەوە و کردارەکانی کۆمەڵگا بگۆڕن. بۆ نموونە پاش سەرهەڵدانەکانی وڵاتی سووریە و تەنگەتاوبوونی دەوڵەتی ئەسەد، کۆماری ئیسلامی بە وەڕێخستنی هەندێ سیناریۆ و یەک لەوان سازکردن و دنەدانی گرووپگەلی تیرۆریستی وەک داعش، هەم ڕەوایی بە پرسی دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە دا، هەمیش خەڵکانی ئێرانی ترساند کە ئەگەر «مدافعین حرم» نەبن ئەوا تیرۆریستەکان دەگەنە تاران و دەبێ لەوێ شەڕیان لەگەڵ بکرێ!

لەژێر سێبەری ئەم پاساوەش خەڵکێکی زۆریان هەڵخەڵەتاند تاکوو مەجالێک بدۆزنەوە بۆ تاڵانی زیاتری سامانەکانی وڵات، سەرقاڵکردنی خەڵک بە دوژمنە فەرزییەکان، پەرەدان بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و هەوڵدان بۆ قایمکردنی جێپێی تاران لە ناوچە و لە ئەنجامدا سازکردنی «هیلالی شیعی».

بە دیوێکیتردا «دوژمن» بۆ کۆماری ئیسلامی «کۆد»یکی گرینگە کە بەهۆیەوە خەڵک و داواکارییەکانیان لە کۆڵ دەکەنەوە و لەهەمان کاتیشدا ڕێگە بۆ دیپلۆماسی شەڕ خۆش دەکەن و ڕەوایی بە دەستێوەردان و خوێنڕشتنەکانیان دەدەن. بەکورتی ئەوەیکە ئەمڕۆ پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ لە ئێران و لە پانتایی سیاسەتی دەرەکی سیستمی زاڵ بەسەر ئەم وڵاتەدا دەبینرێ، نەمانی ڕەنگی خەنەیەکە کە کۆماری ئیسلامی بەهۆیەوە تەمەنی خۆی پێ درێژ کردووەتەوە؛ سەلمێنەری ئەم وتەیەش ئەوەیە کە ڕێژیم چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکی و بەتایبەت لای خەڵکانی وڵاتانی دەوروپشت هیچ ڕەواییەکی نەماوە و دڕاندن و سووتاندنی وێنە و بەنێر و پووستێرەکانی خامنەیی و ئاڵای کۆماری ئیسلامی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم ئیدیعایە!

---

**وێستگە**

## دەبێ ژنانیش شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بایکۆت بکەن



**نووسین: هێمۆ**

ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە کە دەسەڵاتی پاوانخواز و دژەژنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بە شێوازگەلی جۆراوجۆر هەوڵی سەرکوتی ژنان دەدات و لە ڕێگەگەلی یاسایی و نایاساییەوە، مافەکانیان پێشێل دەکات. ئەگەرچی باس کردن لە هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە لە ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا بە سەر ژناندا هاتووە پێویستە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ شتێک لە کەتواری دژەژنبوونی ئەو دەسەڵاتە و سەرکوتی لەڕادەبەدەری ژنان لە لایەن ئەو سیستمە ژنکوژەوە کەم ناکاتەوە، مەگەر ئەوەی کە گوتارەکان بچنە قۆناغی کردەییەوە و ژنانیش بەرانبەر بە کردەوەکانی ڕێژیم، هەڵوێستی شیاو بگرن. هەر لە بەئیجباری کردنی حیجاب لە ساڵی ٥٧ەوە بگرە هەتا، دارشتنی یاسای بنەڕەتی و تەنانەت دیاریکردنی یاسای سزای ئیسلامیش کە لێوڕێژ لە هەڵاواردن بەرانبەر بە ژنانە، هەمووی نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا تەنانەت وەکوو ڕەگەزی دووهەمیش چاویان لێ ناکرێت. لێرەدایە کە ژنانیش دەبێ وەکوو توێژێکی کاریگەری ئەو کۆمەڵگایە لە بەرانبەر هەڵبژاردنە نمایشییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بێنە دەنگ و دەنگی مافخوازانە و حەقبێژیی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا تاکوو داهاتوویەکی باش مسۆگەر بکەن.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هەڵبژاردنی دێموکراتیک و ڕاستەقینە نامۆیە و لە ماوەی ئەم ساڵانەدا هیچکات هەڵبژاردنێکی بە دوور لە درۆ و چەواشەکاری لەو وڵاتەدا ئەنجام نەداوە. خەڵک بە باشی بۆیان دەرکەوتووە کە چ باڵی بناژۆخواز و چ باڵی ڕیفۆرمخواز، تەنیا بیر لە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم دەکەنەوە و هەموو هەوڵ و تەقالایان سەپاندنی خۆیان لە سەر کورسیی دەسەڵاتە. لە ڕاستیدا، ئەوەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە ژێر ناوی ڕیفۆرمخوازیدا لە ئێران هاتە ئاراوە، هەمووی مێکانیزمێک بوون بۆ ڕاگرتن و درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی نەک ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە کە بە قازانجی کۆمەڵگای ئێران بێت. لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، مەجلیس هیچ ڕۆڵێکی گرینگ ناگێڕێت و هیچ پێگە و قورساییەکی لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا نییە، نوێنەرانی ئەو مەجلیسە ناتوانن پارێزەری مافەکانی خەڵک بن و بەدڵنیاییەوە ئەو کەسانەش کە لە فیلتێری شۆرای نیگابانەوە تێپەڕ دەبن، لە بنەڕەتدا نە بڕوایان بە ئەرکداربوون لە بەرانبەر خەڵک هەیە و نە نوێنەری خەڵکن، بەڵکوو ئەوان تەنیا نوێنەرانی دەسنیشانکراوی مەجلیسن و هیچی تر. مەجلیس و دەزگای یاسادانی ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، لە چوارچێوەی ماف و داخوازییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتی ژنان و مافەکانی ئەواندا هەمیشە بەشێک لە سیستمی سەرکوت و داپڵۆسین بووە و بە هێنانەوەی پاساوی یاسایی و داتاشینی یاسای ناڕەوا لە پڕۆسەی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە ئێراندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

ماوەیەکە میدیا و ڕاگەیاندنە جیاوازەکان هەواڵە پێوەندیدارەکان بە هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران بڵاو دەکەنەوە، هەڵبژاردنێک کە پاش نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەر و کوژرانی قاسم سلێمانی و هەروەها خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە لە لایەن سپای تێرۆریستیی پاسدارانەوە، بە دڵنیاییەوە وەک شانۆگەرییەکانی ڕابردووی ڕێژیم بەرەوپێش ناچێت. چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران پاش ڕووداوەکانی ماوەی ڕابردوو، بۆیان دەرکەوتووە کە ڕێژیم تەنیا شتێک کە بیری لێ ناکاتەوە بەرژەوەندیی ئەوانە. هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێت کە جگە لە مۆرەکانی خودی ڕێژیم کەس نەچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان. لە هەلومەرجی ئێستای ئێران و کوردستاندا، کە بەرە بەرە هەڵبژاردنە نمایشییەکانی ڕێژیم نزیک دەبێتەوە، ژنانی مافخوازی ئێران و کوردستان ئەرکێکی قورسیان دەکەوێتە سەر شان.

پاش ٤٠ ساڵ سەرکوت و هەڵاواردن و زەوتکردنی سەرەتاییترین مافەکان لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندییەوە، ژنان وەکوو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان دەبێ بەو ئەنجامە گەیشتبێتن کە هەڵبژاردنی نمایشی و شانۆگەریی دووبارەی ڕێژیم لە ژێر هەر ناوێکدا ناتوانێ هەنگاوێکی ئەرێنی لە ڕاستای ماف و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بێت. هەر ئەو بە ناو مەجلیسی ڕێژیمە، لە بەرانبەر هەموو تاوانەکانی دژ بە ژناندا بێدەنگ بووە؛ لە بەزۆر بەشوودانی کچانی منداڵەوە بگرە هەتا دیاریکردنی سزا بۆ تاوانبارانی ئەسیدپاشییەکان و بە دەیان نموونەی دیکە، هەموویان دەچنە ڕیزی ئەو کردارانەوە کە لە چوارچێوەی مەجلیسدا نە ئیزنی باس کردنیان دەدرێت و نە پێداگرییان لە سەر دەکرێت.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە خۆشحاڵییەوە، ژنان توانیویانە خۆیان لەگەڵ شەپۆلی حەرەکەتە جەماوەرییەکان ڕێک بخەن و هاودەنگ و هاوهەڵوێست لەگەڵ توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، دەنگی نارەزایەتی بەرز بکەنەوە.

لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ئەم ساڵانەی دواییدا، ژنان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و زۆرجاریش وەکوو لیدەری حەرەکەتەکان ناسراون، هەر بۆیە بە پێی ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسییەی کە ئێستا هەیانە، دەبێ وەکوو نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگای ئێران بە بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ٢ی ڕەشەممەی ئەمساڵدا، هەنگاوێکی ئەرێنیی دیکە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان هەڵبگرن.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی شەشەم

### نەبوونی پێوەندییەکی باش لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخواز

نەبوونی پێوەندی باش لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخواز دەبێتە هۆی پێکهاتنی بیروڕای نەرێنی (نێگاتیڤ) و ناکۆک و دژبەیەک لە نێوان هەر دووکیاندا. ئەوەش دەبێتە هۆکاری جێبەجێنەکردنی پڕۆگرامی پڕۆسەی ڕاهێنەری و ئامێرەکانی ناو سندووق و گرنگینەدان بە بۆشایی نێوان بیر و کردەوەدا. کاتێکیش تیئۆری و کردەوە(پڕاکتیک) لە یەک دابڕان زۆر زەحمەتە قۆناغی ئێستا و دانانی پلانێکی تۆکمە و باش بۆ قۆناغی داهاتوو(قۆناغی باشتر) کە ویستی فێرخوازە، دەستنیشان بکرێ.

### . گەشەکردنی میتۆدی ڕاهێنەری

گاستۆ باچلارد Gaston Bachelard (١٨٨٤ -١٩٦٢) فەیلەسوفی بەناوبانگی فەڕانسەوی دەڵێت: «عەقڵی زانستی مرۆڤایەتی پێویستی بەوە هەیە کە خۆی گەشە بکات بە پشتبەستن بە تاقیکردنەوەی نو و ڕەدکردنەوەی تیئۆرییە نادروستەکان.» کەواتە لە ڕوانگەی Gaston وە پێویستمان بە دەرخستنی بیرێکی عەقڵانی هەیە. عەقڵانیەت هەم وەک گەشەکردن و هەم وەک ڕێگایەک بۆ گەشەکردن. مەبەستی من لە تیئۆرییەرە پەروەردەیی و ڕاهێنەرییەکان لەو زنجیرە وتارەدا، سەرنجدان و تێڕوانینمان بە سیستمی پەروەردە و فێربوونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەوەش تەنیا لە فێرگەکان، خوێندگەکان و زانکۆکاندا نییە بەڵکوو لە شوێنی تریش دەتوانین

پڕۆسەی فێربوون و فێرکردنمان هەبێت؛ بۆوێنە لە هەموو فەرمانگە، کارگێڕی و دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و کەسیدا(شەخسی یان پریوات).

کاتێک باسی پەروەردە و ڕاهێنەری دەکەین مەبەستمان ئەو پێناسەیە کە فەیلەسووف و بیرمەندی سەردەمی ڕۆشنگەری، ئیمانوێل کانت Immanuel Kant (١٧٢٤-١٨٠٤) لە پەروەردە دەیکات و دەڵێت: ‹›پەروەردە سەرجەم ئەو لایەنانەی مرۆڤن وەک تاک کە شایانی پەرەپێدانن، ئامانجی پەروەردەش ئەویە کە هەموو ئامادەکارییەک بکات بۆ پەرەپێدان بەو تواناییانەی کە تاکەکان هەیانە.››

بەپێی نووسراوەکان لەو بەشەدا، مەبەستی Kant لە پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی پەروەردەی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی - عەقڵانی و زانستی دانەمەزراوە و ئەوە باسێکی ترە و کارێکی تر، بەڵام لە هەمانکاتدا تێڕوانینمان وەک چەمکێکی زانستی، زەحمەتە بتوانین چەمکی ڕاهێنەری و چەمکی پەروەردە لە یەک جیا بکەینەوە.

پەروەردە سیستمێکی گشتگیر و کۆمەڵایەتییە کە هەر لەو ڕۆژەوە منداڵ لە دایک دەبێت دەست پێدەکات. پڕۆسەی ڕاهێنەریش بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچێتە نێو خانەی پەروەردەکردن، بەڵام پڕۆسەیەکی مەبەستدارە و بە هۆی مەبەستێکی دیاریکراوەوە یان ئامانجێک، ڕاهێنەری دەکرێ. پێناسەی ڕاهێنەری کورتکراوە یان بەشێکە لە پێناسەی پەروەردە. مەبەست لە ڕاهێنەریش پەرەدانە بە لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی تاک و توانا شاردراوەکانی لە ڕێگای پڕۆسەی ڕاهێنەرییەوە. شێوازە جیاوازەکانی ڕاهێنەری دەبێتە هۆی گەشەپێدان بە لایەنی ژیری، جەستەیی، سۆزداری و هەڵسوکەوتی مرۆڤانە و ئەرێنی. هەر بەو پێیە ئەرکی ڕاهێنەر، پێکهێنان یان

ڕەخساندنی ئەو دەرفەتانەیە بۆ فێرخواز تا لەسەر ڕوانگەی ویست و ئامانجەکانی خۆی گەشە بکات.

### . گەشەکردن

بۆ ناسین و شڕۆڤەکردنی هەر بابەتێک، پێناسەکردنی باشترین دەستپێکە. هەر بۆیە وا باشە لە پێشدا پێناسەیەک لە سەر گەشەکردن بکەین. گەشە و گەشەکردن دەتوانێ زۆر پێناسە لەخۆ بگرێت و زۆر شێواز لە گەشەکردن هەبێت، وەک ئەگەر ئاماژە بە گەشەی جەستەیی و گەشەی دەروونی بکەم دەتوانم بڵێم گەشەکردن بریتییە لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەسەر جەستە و دەروونماندا دێت.

گەشەکردنی مرۆڤەکان هەر لە قۆناغی منداڵیڕا تا گەورەبوون، کە پێی دەڵێن گەشەی جەستەیی و گەشەی دەروونی، هەر دووکیان شانبەشانی یەک گەشە دەکەن.

ئەگەر بڕوانینە پێناسەی گەشەکردن لە ڕوانگەی فەلسەفە و بیرکردنەوەی گاستۆن بچلارد Gaston Bachelardلەسەر گەشەکردن دەتوانین بەو شێوە گەشەکردن پێناسە بکەین و بڵێین: «بەجێهێشتنی شتێکی بێ کەڵک بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ، یان وەرگرتنی ڕاستییەکی (حەقیقەتێکی) نوێ و وەلانانی ڕاستییەکی کۆن». لێرەدا باسەکە لەسەر گەشەکردن، گەشەی عەقڵانی و گەشەی زانستی مرۆڤەکانە لە ناو پڕۆسەی ڕاهێنەریدا.

بۆ گەشەکردن و ئاڵوگۆڕی جەستەیی و دەروونی پێویستمان بە یارمەتی، ڕێنوێنی کردن و خۆراکی ڕۆحی هەیە، کە زۆر جار ئەو خۆراکە ڕۆحییە دەتوانین لە ڕێگای ڕاهێنەرییەوە بەدەستی بێنین.

### . کۆڵەکەکانی بناغەی گەشەکردنی میتودی ڕاهێنەری

پەندێکی فەڕەنسەوی هەیە و دەڵێت:




وێنەی ١٢ کۆڵەکەکانی بناغەی گەشەکردنی میتودی ڕاهێنەریەرینی.

‹›بە وشەیەک و وشەکانی تر، کتێب دەنووسرێت.›› هەر لەو پێوەندییەشدا Henry Ward Beecherهێنری وارد بیچەر (١٨٨٧- ١٨١٣) قەشە، ڕابەری کلیسا و وێژەری (ادیب و گوینده) بەناوبانگی ئەمریکی دەڵێت: ‹›وشەکان کۆگە یان مەکۆی هەڵواسینی بیرەکانن.›› منیش بە کەڵکوەرگرتن لەو پەندە و وتەی Beecherهەوڵ دەدەم وشەی «گەشەکردن» بکەم بە بنەمای نووسینی ئەو زنجیرە وتارە.

وشەی «گەشەکردن» خۆی لە هەشت پیت پێکدێت و ئەگەر هەر پیتێک وەک کۆڵەکە یان بنەما دەستنیشان بکەین کەواتە دەتوانین بڵێین بناغەی میتۆدی ڕاهێنەری لەسەر هەشت کۆڵەکە ڕاوەستاوە. ئەگەر هەر پیتێک، بکەین بە پیتی سەرەتا بۆ وشەیەک یان بابەتێک کەواتە هەر یەک لەو وشانە چەمکێکی تایبەت لەخۆی دەگرێت کە لە درێژایی پڕۆسەی ڕاهێنەریدا ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە. هەر چەمکێک بە شێوەیەک پێوەندی بە ناوەڕۆکی ئەو زنجیرە وتارەوە هەیە و وێنایەکی تەواو لە ژیانی مرۆڤەکان دەستنیشان دەکات.

بەبێ کەڵکوەرگرتن لە چەمکەکان و ڕێسا و چوارچێوەی دیاریکراو، ناتوانین بە ئاسانی لە گێژاوی ڕاهێنەری، لاوازی سیستمی پەروەردە و فێربوون و بارودۆخی سەردەم تێبگەین. هەر بۆیە ناسینی ئەو پیتانە و پێناسەکەیان شتێکی پێویستە. بڕوانە وێنەی خوارەوە(وێنەی ١٢) کۆڵەکەکانی بناغەی گەشەکردنی میتود یان پڕۆسەی ڕاهێنەری.

### . بۆ ناسین یان پێناسەی چەمکی هەر یەک لەو کۆڵەکانە

ناسین گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ناسین ڕەنگدانەوەی دەوروبەر یان دونیای دەرەوە لەسەر هزر و هۆشی مرۆڤە. هەر ئەو دونیای دەرەوەیە کە کاریگەری لەسەر زەینی ئێمە مرۆڤەکان هەیە و خولقێنەری هەست و سۆزەکانە. بە واتایەکی دیکە ئەو شتانەی لە زەینی ئێمەدا تێپەڕ دەبن لەگەڵ دونیای دەرەوە پێوەندییان هەیە. ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی زەینی ئێمەدا ڕوودەدەن کاریگەرییان لە سەر ڕۆح و جەستەی ئێمە نەبێ کەواتە ئێمەش ناتوانین هزر و بۆچوونمان لەسەر ئەو ڕووداوانە هەبێت.

جۆرج گۆردۆن بایرۆن George Gordon Byron (١٧٨٨-١٨٢٤) ناسراو بە لۆرد بایرۆن Lord Byron نووسەر، شاعیر و سترانوووسی ڕۆمانتیزم لە ئەدەبی ئینگلیزیدا دەڵێت: ‹›وشەکان شتن، وشە وەک دڵۆپێکی مەرەکەبی* بچووکە، وەک چۆن دڵۆپی ئاونگ دەکەوێتە خوارەوە، ئەویش ئاوا دەکەوێتە سەر کاغەز و کاریگەری لەسەر بیرۆکەکان هەیە و وادەکات کە هەزاران و بگرە بە میلیۆنان مرۆڤ بیر بکەنەوە.›› هەروەها بایرۆن دەڵێت: ‹›بە بێ ناسینی هێز و پێناسەی وشەکان، ناسینی مرۆڤ دژوارە(سەختە)».

ئەوە شتێکی سروشتییە کە ناسین یان پێناسەی هەر یەک لەو وشە و چەمکانە کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ئاڵوگۆڕ و ڕێکوپێکی بیرو بۆچوونەکانمان بەتایبەت لە ناو پڕۆسەی ڕاهێنەریدا. لەهەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بزانین کە کردەوە(پڕاکتیک) کۆڵەکە یان ژێرخانی ناسینە. کەواتە ناسینی هەر یەک لەو چەمکانە و تەنانەت پڕۆسەی ڕاهێنەریش لە ڕێگای کردەوەوە بەدەست دێت و دەبێ لە چوارچێوەی تیئوری (قسەکردن) بێنە دەرەوە و بە کردەوە بکرێن (یانی شیاو و ڕەخساو بن بۆ کردن و جێبەجێ بوون).

* مەرەکەب یان جەوهەر، لێکدراوێکی ڕەشە لە دووکەڵ دروست دەبێ و قەڵەمی تێدا دەگەوزێنن و بە سەر کاغەزیدا دەنێن.

# چوار دەیە خوێنڕشتن، تاڵان، وێرانی و ستەم

ئەلبورز ڕۆئین تەن

چوار دەیە لە مێژووی ڕابردووی ئێران وەک ئاکامی حکومەتی دیکتاتۆری و ستەمگەر کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری بە سەر مێژووی ئەو وڵاتە و تەنانەت هەموو مرۆڤایەتی داناوە، لە ڕۆژی یەکەمی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەوە کاتێک کۆمەڵانی خەڵک چالاکانە بەشدارییان دەکرد بۆ ڕووخاندنی حکومەتی پاشایەتی ستەمگەر کەمتر کەسێک بیری لەوە کردبوویەوە کە ئێران دەکەوێتە دەستی تاقمێک خوێنڕێژ کە لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆڤی بۆ پاراستنی خۆی سڵ ناکەتەوە و وڵات بەرەو حوکمی دواکەوتووی سەدەکانی نێوەڕاست دەبات کە دەبێتە هۆی دواکەوتنێکی بێوێنە.

ئەمڕۆ دوای چوار دەیە لە کاتێکدا ڕێژیم بە پڕۆپاگەندای درۆی خۆی دەیهەوێ نیشان بدات شۆڕش بۆ ئێران دەستکەوتی جۆراوجۆری هەبووە، دۆخی وڵات بە قەیرانگەلێکی قووڵ تێدەپەڕێت کە بۆ چارەسەرییان نەمانی ئەو شۆڕشە و تەنانەت چارەسەری هەندێک لە قەیرانەکان پێویستی بە نەمان و ساڵانێکی زۆری کاری زانستی و دێموکراتیک هەیە.

شویندانەری نەرێنی ئەو ڕێژیمە بە ئەندازەیەک زۆرە کە لە هەندێک بواردا زیانی وای بە وڵات گەیاندووە کە قەرەبووکردنەوەی ئەستەم و نامومکینە. هەربۆیەش ئەوەی زیاتر دەبێ جێگای سەرنج بێت نەهێشتنی ئەو حوکمە نارەوایە، چونکە ئامارەکانیش ناتوانن بە گشتی دەربڕی ئەو هەموو ناکارامەییە و زیان گەیاندنە بن.

بۆ باس کردن لە سیاسەتی نێوخۆی وەکوو هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو ناتوانین باسی حکومەتی کەسەکان و جیاوازییەکانی بکەین، چونکە لە چوارچێوەی قانونی ئەساسی و تەنانەت دەرەوەی ئەو یاسایەش سەرچاوەی هەموو سیاسەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبەر و دامودەزگای پەیوەندیداری ئەو. هەر بۆیەش سەرەڕای جیاوازی ڕووکەشی کەسەکان، جەوهەری بەڕێوەبردنی کۆماری ئیسلامی یەکە. جا ئەو سیاسەتە بەدەستی تێکنۆکرات یا توندئاژۆ یا بەناو ڕیفۆرمخواز و کەسی کراوە بێت.

بەرهەمی سیاسەتی نێوخۆیی ڕێبەر و سیستمی ویلایەتی فەقیهی لیستێکی درێژ و بێ کۆتایی گەندەڵی و ناکارامە و دژایەتی خەڵکەکەی خۆی بووە.

کام وڵات جیا لە ئێران دەتوانێ بەو هەموو دەوڵەمەندییە سروشتییە هەژارییەکی وەها بێوێنە بۆ خەڵکەکەی بخولقێنێ کە ئاماری ڕێژەی هەژاری هەر ڕۆژ لە بەرزبووندایە و بە گوێرەی ئاماری خودی حکومەت زیاتر لە نیوەی خەڵک بگرێتەوە. کام وڵات جیا لە ئێران بۆ بەدیهێنانی مەبەستی سیاسی بەئەنقەست درێژە بە شەڕی وێرانکەر دەدات کە کوژرانی سەدان هەزار خەڵکی لێکەوێتەوە.

کام وڵات جیا لە ئێران ژینگەی بێوێنەی بەشێک لە خاکەکەی لە پێناو بەدەستهێنانی سود بۆ لایەنێکی سەربازی وێران دەکات و دەیان پلانی نازانستی و وێرانکەر جێبەجێ دەکات.

کام وڵات لە ڕۆژگاری ئێستادا، کۆمەڵگاکەی بە هەبوونی هێزێکی گەورەی مرۆڤی و کەلتوری کە هەیەتی بەو شێوەیە بەرەو دارمان دەبات، کە ڕێژەی تەڵاق و دەیان خەساری کۆمەڵایەتی جیاواز تا ئاستێک بەرز دەبێتەوە کە پێوانەی جیهانی تۆمار دەکات.

کام وڵات بەو ڕێژەیە تووشی هەڵاتنی مێشک دەبێ و تەنانەت بۆ ڕزگاربوون لە ژیانی ژێردەستەیی دیکتاتۆری تاران بە هەزاران ڕێگەی مەرگدا تێپەڕ دەبن و وڵات بەجێدێڵن.

کام دیکتاتۆری بە ئەندازەی ئێران ئاسانکاری لە بڵاوەپێکردنی مادده هۆشبەرەکان دەکات تا میلیۆنان کەس لە خەڵکەکەی بەم مادده وێرانکەرە بەرەو مەرگ و وێرانکاری ببات.

کام وڵات بە چەندین میلیارد دۆلار لە سەروەت و سامانەکەی دەدزرێت بێ ئەوەی تەنانەت دزەکەشی بگیردرێت.

کام دیکتاتۆری تەنانەت بەشی وەرزشییەکەشی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران کە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا هەر ڕۆژ دوابکەوێت.

ئێران لە وەرگرتنی مافی میوانداری ئۆلەمپیک یان یارییە نێونەتەوەیی و ئاسیاییەکان قەدەغە کراوە، ئەم دواکەوتنە بە ئەندازەیەکە کە ئەمڕۆ بەدەستهێنانی مافی چوونی ژنان بۆ وەرزشگاکان وەک دەستکەوتێکی گرینگ سەیر دەکرێت.

هیچ کام لە حکومەتەکانی سەدەکانی نێوەڕاستیش بە ئەندازەی کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی کەلتور و هونەری وڵاتەکەی کاری نەکردووە بەچەشنیک کە تەنانەت نیشاندانی ئامێری موزیک قەدەغە دەکرێت.

کام دیکتاتۆری بە ئەندازەی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی خەڵکی خۆی دەکوژێت و تەنانەت تەرمەکەشی کاتێک دەداتەوە بە بنەماڵەکەی کە پارەی گوللەکانی کە پێی کوژراوە بدات. تەنانەت ئەگەر ئەو بابەتە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت زۆر جار ئەو پارەیەش دەستێندرێت بەڵام تەرمی ڕۆڵەکەیان نادەنەوە.

لەوانەیە بە هۆی هەبوونی ناوی ئیسلامیش بووە هەست بکرێت کە ئەو ڕێژیمە خزمەت بە ئایینی ئیسلامی کردووە کە بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکات و گۆیا هەموو کارەکانی لەژێر ناوی ئایین دەکات، بە گوێرەی زۆربەی پێوەرەکانی کۆمەڵناسی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا خزمەتی بە ئایینی ئیسلام نەکردووە، بەڵکوو زەربەیەکی جیددی لە پێگەی ئیسلام داوە. لەوانەیە تەنیا وڵاتی ئیسلامی بێت کە چەندین میلیۆن سونی مەزهەبی هەبێ و لە تاراندا مزگەوتێکیان بۆ نوێژکردن نەبێ و بۆ نوێژکردن پەنا بۆ سەفارەتەکانی وڵاتانی دیکە بەرن.

کارنامەی کۆماری ئیسلامی تۆمارێکی درێژی ئەو ستەمانەیە کە بە دژی خەڵکەکەی ئەنجامی داوە، ئەگەر هەمووی ئەو ستەمانە لە تەنیشت ناکارامەیی حکومەت لە بوارگەلی جیاوازیش دابنێین تابلۆی ئەمڕۆی قەیراناوی نالەباری ئێران دروست دەبێت.

ئەگەر حکومەتی دواکەوتووی ویلایەتی فەقیە بۆ ئێران دیکتاتۆری بێت ئەوا بۆ کوردستان کارەساتێکی وێرانکەر و پڕ لە ژانە چونکە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە ڕوانینێکی داگیرکەرانە کوردستانی وێران کردووە، تاڵان کردووە و سەرکوت کردووە.

ڕێژیم لە دارشتنی هەر سیاسەتێکی نێوخۆیی لە چوارچێوەی ئەوەیکە کوردستان مەترسییەکی جیددی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران هەیە کار دەکات. بۆ ڕێژیم کوردستان ئەو شوێنەیە کە دەبێ لەشکرییەکان حکومەتی بکەن.

بە دواکەوتوویی بەجێ بهێڵدرێتەوە، سامانەکەی بۆ ناوەند بدزرێت. بەردەوام هەر جووڵەیەکی کۆمەڵگا وەک مەترسییەک بۆ سەرهەڵدان سەیر بکرێت و بۆ سەرکوتی ئەو سەرهەڵدانە بە میلیاردها دۆلار خەرج بکات.

لە کاتێکدا کە دەوڵەمەندییەکانی کوردستان و پێگەی سروشتی و جوغرافییەکەی وەک سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ ژیان و پێشکەی شارستانییەتەکان هەژمار دەکرێت، لەژێر سێبەری حوکمی نارەوای دیکتاتۆر بووە بە جوغرافیای داگیرکراو، کە ڕۆژانە خەڵکەکەی بۆ بەدەستهێنانی نانی شەو بە دەستی زاڵمانەی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن و بریندار دەکرێن.

دوای چوار دەیە لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی زیاتر لەوەی باس لە کارنامەی حکومەت بکەین، زۆربەی لێکۆڵەرانی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵناسی باس لەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی چی بە سەر خەڵک هێناوە و بە نەمانی ئەو حکومەتە چۆن قەرەبووی چوار دەیە دواکەوتوویی بکرێتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش ویستی خەڵک بۆ ئازادی ئەمڕۆ بە ڕێژەیەک کۆماری ئیسلامی ترساندووە کە چوار دەیە خوێنڕشتن نەیتوانیوە ئەو حکومەتەش وەک هەر حکومەتێکی دیکتاتۆری دیکە لە نەمان و ڕووخان ڕزگار بکات.

# ئایا ڕێگایەک بۆ کۆتاییهاتنی ناکۆکییەکانی فلستین و ئیسرائیل هەیە؟

موختار نەقشبەندی

دەیان ساڵە ناکۆکییەکانی نێوان فلستین و ئیسرائیل بووەتە بەشێک لە هەواڵ و شرۆڤەی میدیاکان و بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر زۆربەی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت جیهان کاریگەریی داناوە، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ترامپ بە ئاشکراکردنی «مامەڵەی سەدە» جارێکی تر پرسی فلستین و ئیسرائیلی هێنایە بەرباس.

لە دەیان ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک گەڵاڵە بۆ کۆتاییهاتن بەم ناکۆکییانە داڕێژراوە و چەند جاریش ناکۆکییەکانی پێوەندیدار بەم پرسە لە شۆرای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتووەتە بەر باس بەڵام هەموو ئەو گەڵاڵە و دانیشتنانە یان بێئاکام ماونەتەوە یان بە ڕێککەوتننامەیەکی غەیرە ئیجباری کۆتاییان پێهاتووە کە لە ئەنجامدا هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەریی قەیرانەکە هەڵنەگیراوە یان بەهۆی دەستێوەردانی یەکێک لە زلهێزە جیهانییەکان، بە کردەوە کێشەکە بێ چارەسەر ماوەتەوە.

لە دەیان ساڵی ڕابردوودا بە هۆی چارەسەرنەکردنی قەیران لە ڕێگەی وتووێژ و ڕێگەچارەی سیاسییەوە بینەری سەرهەڵدانی شەڕی بەهێز لە نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیلییەکاندا بووین و لەم ماوەیەشدا توندوتیژی لە نێوان فلستینییەکان و ئیسرائیلییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو درێژەی هەبووە.

ناکۆکیی فلستینییەکان و ئیسرائیلییەکان کە بە کردەوە بووەتە ناکۆکیی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل و تەنانەت ناکۆکیی بەشێکی بەرچاو لە جیهانی ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل پرسیارگەلێکی زۆر لە مێشکی بەردەنگدا دروست دەکات وەک ئەوەی کە بۆچی وڵاتانی عەرەبی بە حەشیمەتی زیاتر لە ٤٠ بەرابەری ئیسرائیلییەکان و ئابووریی گەورەتر لە ئابووریی فەڕانسە بە کردەوە لە بەرانبەر ئیسرائیلدا توانایی نییە؟ بۆچی وڵاتی بچووکی ئیسرائیل تا ئەم ڕادەیە بەهێزە؟ ئایا ڕێگەچارەیەک بۆ کۆتاییهاتن بەم ناکۆکییە هەیە؟ لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بە بێ لایەنگری و دەمارگرژی ئەم پرسە تاوتوێ بکەین.

سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ کاتی داگیرکرانی ئەم ناوچەیە لە لایەن دەسەڵاتە بانناوچەییەکان بە تایبەت بریتانیا و فەڕانسە دەگەڕێتەوە، ئەم دوو دەسەڵاتە داگیرکەرە دوای شکستهێنانی دەسەڵاتی عوسمانی و دەستداگرتن بە سەر بەشێکی گەورە لە ناوچە داگیرکراوەکانیدا، وڵات و سنوورگەلێکیان دروست کرد کە بە دروستکردنی جیاوازیی نەتەوەیی و قەومی و مەزهەبی بۆ دەیان ساڵی داهاتوو، بیانووی هەبوون و دەستێوەردان لە ناوچەکەیان هەبێت، بۆ نموونە، دابەشکردنی کوردستان لە نێوان وڵاتانی تورکیە وسووریە و عێراق بە بێ لەبەرچاوگرتنی مافی نەتەوەی کورد!

ئەگەر وڵاتی کوردستان دروست ببایە زۆربەی کێشەگەلێک کە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بینیمان وەکوو ژینۆسایدی نەتەوەی کورد ڕوویان نەدەدا، بەڵام داگیرکەران بۆ درێژەدان بە بوونی خۆیان و هەروەها کەڵکئاوەژووەرگرتن لە دەیەکانی داهاتوودا پێویستیان بە دروستکردنی جیاوازی و جیاکاری لەو چەشنە هەبووە.

پرسی فلستین و ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستییان گرتووە لە کاتی زاڵبوونی بریتانیا بە سەر فلستیندا سەرچاوەی گرت. تاوتوێی تەواو و گشتیی ڕووداوەکانی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی فلستین لە یەک وتاردا ناگونجێ، بەڵام هەر بەردەنگێک بە خوێندنەوەی ورد سەبارەت بەم ناکۆکییانە بەتایبەت لە کاتی زاڵبوونی بریتانیا بەسەر فلستیندا، بەم ئاکامە دەگات کە سەرچاوەی زۆربەی ناکۆکییەکان بۆ کردەوەی داگیرکەران و بۆ کاتی داگیرکران دەگەڕێتەوە.

ئەگەر بریتانیا پێش لە چوونەدەرەوە لە فلستین دەستی بە دروستکردنی دوو وڵاتی سەربەخۆی یەهوودی و موسوڵمان کردبا، بەدڵنیاییەوە زۆربەی کێشەکانی ئەمڕۆ دروست نەدەبوون، بەڵام سەقامگرتوویی و دادپەروەری بەشێک لە بەرنامەکانی بریتانیا نەبوو، بارهێنان و تەیارکردنی یەهوودییەکان و ئامادەکردنی تەواویان لە کاتی چوونەدەرەوەی بریتانیا لە فلستین، هۆکاری شکستی یەکەمی عەرەبەکان لە شەڕ لەگەڵ ئەواندا بوو، بەداخەوە زیدەڕۆیی لە نێوان موسوڵمانی فلستین و هەستی نەتەوەگەرایی عەرەبەکان ، ئەوانی خستە نێو داوێکەوە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گرفتاری ئەو داوەن، ئەگەر موسوڵمانەکانی فلستین پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئیسرائیل کە بەشێک لە فلستینی لەخۆ دەگرت لە جیاتی هەوڵ بۆ لەناوبردنی، ئەم وڵاتە یەهوودییەیان بە فەرمی بناسیبا ئیدی بیانوویەک بۆ یەهوودییە توندئاژۆکان بۆ دروستکردنی شەڕ نەدەما و ئێستا فلستین بەشێک لە ناوچە سەرەکییەکانی بەیتولموقەدەس و لە ژێر دەستی فلستینییەکاندا بوو بەڵام بەداخەوە نەبوونی دوورنواڕیی ڕێبەرانی عەرەب بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و پاش هەر شەڕێک، یەهوودییەکان خاکێکی زیاتر بە دەست بێنن هەڵبەت بە پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی چەند وڵاتێکی ڕۆژاوایی.

بێگومان ئەگەر لە بواری نیزامییەوە پشتگیریی وڵاتانی ڕۆژاوایی و بەتایبەت ئامریکا و بریتانیا نەبایە، ئیسرائیل نەیدەتوانی نە ئەو کات و نە ئێستاش ئەمنییەتی خۆی دابین بکات بەڵام قارەمانییەتی و بوێری و زیرەکیی هێزە نیزامییەکان و سیاسەتوانانی ئیسرائیلی و بێ بەرنامەیی ڕێبەران و فەرماندەرانی عەرەب لە سەرکەوتنی ئیسرائیل لە چەند شەڕدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو، بۆ نموونە: لە شەڕی ٦ ڕۆژەدا کە گرینگترین شەڕی عەرەب و ئیسرائیل بوو، بێ بەرنامەیی وڵاتانی عەرەبی هۆکاری سەرەکیی شکستهێنانیان بوو، لەم شەڕەدا هێزە ئاسمانییەکانی میسر بە تەنیا لە هێزە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل بەهێزتر بوون و وڵاتانی عەرەبی دەرگیر لەگەڵ ئیسرائیل بەگشتی ٣ ئەوەندەی ئیسرائیل فڕۆکەی شەڕکەر و ٣ قات زیاتریش تانکیان لە بەردەستدا بوو کە لە بواری تێکنۆلۆژییەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ فڕۆکە و تانکەکانی ئیسرائیلدا نەبوو، بەڵام ئەرتەشی ئیسرائیل لە هێرشێکی لەناکاودا گورزێکی وەها قورسی لە هێزەکانی عەرەبی وەشاند کە بەتەواوەتی کۆنترۆڵی شەڕەکەی بە دەستەوە گرت و لە ٦ ڕۆژدا ئەرتەشی عەرەبەکانی بەچۆکدا هێنا، نەبوونی یەکگرتوویی و بەرنامە و پلان، هۆکاری سەرەکیی شکستی ئابڕووبەرانەی عەرەبەکان بوو.

ڕێبەرانی وڵاتانی عەرەبی هیچکات لە هیچ پرسێکدا یەکگرتووییان نەبووە و هیچکات نەیانتوانیوە یەکگرتووانە بەرگری لە فلستین بکەن و ئێستاش خەیاڵی یەکگرتنی وڵاتانی عەرەبی زۆر دوور لە چاوەڕوانییە، بەشێک لە ڕێبەرانی عەرەب بە دروشمگەلێکی توند و ڕەگەزپەرستانە دژی ئیسرائیلییەکان نە تەنیا یارمەتی فلستینییەکانیان نەدەکرد بەڵکوو دەبوونە هۆکاری پشتیوانی و هاوخەمیی زۆربەی وڵاتانی دیکە لەگەڵ ئیسرائیلدا، تەنانەت ئەگەر پاش شکستی قێزەونی ساڵی ١٩٦٧، وڵاتانی عەرەبی یەکگرتووانە سیاسەتی ٢ وڵاتی سەربەخۆی فلستین و ئیسرائیلیان پەیڕەو کردبایە، دەیانتوانی لە وتووێژێکدا بە قازانجی هەردوولا کۆتایی بەم ناکۆکییە بهێنن.

بەداخەوە پرسی فلستین بووەتە کەرەستەیەک بۆ دەستی ڕێبەرانی دیکتاتۆری وڵاتانی ئیسلامی تا بە دروشمی پشتیوانی لە فلستین و بەکارهێنانی هەستی مەزهەبیی خەڵک و دروستکردنی دوژمن بتوانن درێژە بە دەسەڵاتەکەی خۆیان بدەن، بۆ نموونە سەدام حوسێن و حافز ئەسەد و خومەینی و ئێستاش خامنەیی و ئەردۆغان.

حافز ئەسەد لەحاڵێکدا دروشمی پشتیوانی لە خەڵکی فلستینی دەدا کە کوردەکان لە سووریە تەنانەت لە هەبوونی پاسپۆرت و ناسنامە بێبەری بوون! تەنانەت عەرەبە سوورییەکانیش لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتۆری ئەسەدەوە لە ئاسایشدا نەبوون و ئێستاش کە بینەری کوژرانی خەڵکی سووریە بە دەستی کوڕەکەی ئەسەدین؛ سەدام حوسێن و خومەینیش کە دروشمیان پشتیوانی لە نەتەوەی عەرەب و جیهانی ئیسلام بەتایبەت فلستین بوو، لە نێو وڵاتانی خۆیاندا خەڵکی موسوڵمانیان دەکوشت و هیچ ڕێزێکیان بۆ کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی وڵاتەکەیان دانەدەنا و لە شەڕی ٨ ساڵەدا، میلیۆنان کەس کوژران و بریندار و ئاوارە بوون و بەستێنی مانەوەی زیاتری ئیسرائیلیان دابین کرد، ئەردۆغان لەحاڵێکدا بەرگری لە فلستین دەکات کە لەولایەوە نکۆڵی لە لانیکەمی مافی نەتەوەی کورد دەکات، خامنەییش وەک خومەینی لە پرسی فلستین وەکوو کەرەستەیەک لە ڕاستای سیاسەتە فراوانخوازانەکاندا کەڵک وەردەگرێت، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە و گرووپە توندئاژۆوە فلستینییەکانیش لە کردەوەدا بە دروشمی توند دژی ئیسرائیل زیاتر یارمەتیی مانەوە و ڕەوایی زیاتری ئیسرائیلیان داوە، توندئاژۆوە ئیسلامی و عەرەبەکان، بەردەوام بەستێنیان بۆ توندئاژۆکان لە ئیسرائیلدا دابین کردووە و بوونەتە هۆی پشتیوانی و هاوخەمیی بیری گشتیی جیهان بە نیسبەت ئیسرائیلییەکان.

ئایا ڕێگا چارەیەک بۆ کۆتاییهاتن بەم ناکۆکییە هەیە؟

ئەگەروەک دەیان ساڵی ڕابردوو یەکلایەنە سەرنجی ئەم ناکۆکییانە بدرێت، دەبێ بڵێین هیچکات ئەم ناکۆکییە کۆتایی نایەت، خاوەندارێتی فلستین بۆ هەموو دانیشتووانی دەگەڕێتەوە، هەم موسوڵمانەکان و هەم یەهوودییەکان، ئەگەر فلستینییەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە وڵاتی ئیسرائیلیان بە فەرمی ناسیبایە، ئێستاکە بە سەر زۆرینەی خاکی فلستیندا حکوومەتیان دەکرد بەڵام دەبێ ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکەن کە بە دروشمی نەمانی ئیسرائیل بەستێنی شەڕیان دروست کردووە و هیچکات ئیسرائیل ناگەڕێتەوە بۆ سنوورەکانی ساڵی ١٩٦٧ و ئێستاش ئەم ناکۆکییە ڕێگەچارەی نیزامی و سەربازی نییە، ئەگەر فلستینییەکان لەم برگەیەدا بیر لە ئاشتی نەکەنەوە و ڕاستییەکە قەبووڵ نەکەن، ئیسرائیل بە دروستکردنی شارۆچکەی زیاتر بە کردەوە باقی خاکەکەی فلستینیش دەخاتە سەر ئیسرائیل.

فلستینییەکان ئەگەر خۆیان لە داوی گرووپە توندئاژۆ ئیسلامی و عەرەبەکان ڕزگارنەکەن و ئیزن بە ڕێژیمی ئێران و تورکیە نەدەن کە لە پرسی فلستین کەڵکئاوەژوو وەربگرن دەتوانن یەکگرتووانە خوازیاری دروستکردنی وڵاتی سەربەخۆی فلستین لە پاڵ ئیسرائیلدا بن و هەروەها هەوڵ بدەن تاکوو شاری بەیتولموقەدەس وەکوو شارێکی سەروونەتەوەیی و سەروومەزهەبی لە ژێر چاوەدێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئیدارە بکرێت، بەدڵنیاییەوە ئەم داخوازییە پشتیوانیی بیری گشتیی جیهانی بەدواوە دەبێت، پێویستە بوترێت ئەگەر گرووپە توندئاژۆوە فلستینییەکان کۆتایی بە دروشی نەمانی ئیسرائیل بێنن بە کردەوە بەستێنی نەمانی توندئاژۆ یەهوودییەکانیش کە هەنووکە لە دەسەڵاتی ئیسرائیدا بوونیان هەیە دابین دەبێت و خودی ئەم پرسە یارمەتیی چارەسەریی ناکۆکییەکان و ڕێگەچارەیەک بە قازانجی هەردوولا دەدات.

چارەسەریی کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا پێوەندیی بە پرسی فلستینەوە نییە و بۆ چارەسەریی بنەڕەتیی کێشەکان دەبێ لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتانی ناوچەدا گۆڕانگاریی بەربڵاو ڕوو بدات و ئەمەش ڕوو نادات مەگەر ئەوەی کە توندئاژۆیی مەزهەبی و دەمارگرژیی نەتەوەیی و قەومی بنبڕ بێت، دەبێ مرۆڤایەتی لە سەروو هەموو شتێک دابنرێت و ڕێز بۆ مافی نەتەوەیی و مەزهەبیی هەموو خەڵکانی ناوچە دابنرێت، ڕەنگە ئەمە ئاواتێکی دوورەدەست بێت بەڵام لە بیرمان نەچێت کە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، ٧٠ ساڵ لەمەوپێش لە لووتکەی توندئاژۆییدا دەیان میلیۆن لە خەڵکی ڕۆژاوایان خەڵتانی خوێن کرد و ئێستا یەکگرتووانە لە لای یەکدا ڕاوەستاون.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ئەتوانێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی بە خۆیەوە ببینێ ئەگەر مرۆڤایەتی لە سەرووی هەموو شتێک دابنرێت.



**ئەگەر وڵاتی کوردستان دروست ببایە زۆربەی کێشەگەلێک کە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بینیمان وەکوو ژینۆسایدی نەتەوەی کورد ڕوویان نەدەدا، بەڵام داگیرکەران بۆ درێژەدان بە بوونی خۆیان و هەروەها کەڵکئاوەژووەرگرتن لە دەیەکانی داهاتوودا پێویستیان بە دروستکردنی جیاوازی و جیاکاری لەو چەشنە هەبووە**

**پرسی فلستین بووەتە کەرەستەیەک بۆ دەستی ڕێبەرانی دیکتاتۆری وڵاتانی ئیسلامی تا بە دروشمی پشتیوانی لە فلستین و بەکارهێنانی هەستی مەزهەبیی خەڵک و دروستکردنی دوژمن بتوانن درێژە بە دەسەڵاتەکەی خۆیان بدەن، بۆ نموونە سەدام حوسێن و حافز ئەسەد و خومەینی و ئێستاش خامنەیی و ئەردۆغان**

**چارەسەریی کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا پێوەندیی بە پرسی فلستینەوە نییە و بۆ چارەسەریی بنەڕەتیی کێشەکان دەبێ لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتانی ناوچەدا گۆڕانگاریی بەربڵاو ڕوو بدات و ئەمەش ڕوو نادات مەگەر ئەوەی کە توندئاژۆیی مەزهەبی و دەمارگرژیی نەتەوەیی و قەومی بنبڕ بێت**

# لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە



## دیمانەیەک لەگەڵ «بەڵێن بەشارەتنیا»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

**دیمانە: کوردستان**

ئەمڕۆ چیدی کوردستانم تەنیا نییە؛ ئەمڕۆ کوردستانی شەقارشەقاربووم لانەی پڵنگە چنگ و پەڵ ئاگرینەکانە کە ئەم بەراوبەری ڕیزەتفەنگی چاوتەری پێشمەرگەکان ڕازاندوویانەتەوە.

بڕوانن و ورد ببنەوە لێی؛ شاخ و هەردی نیشتمانە داگیرکراوەکەم پێشمەرگەی گیانلەسەردەستی ئەم کوردستانەی لێیە کە بانگی ڕاسان و ڕاپەڕین دەدەن و بوونەتە هاواری یەکتاییی نیشتمانە زامارەکەم.

لە وتووێژی ئەمجارەی «لەزاری پارێزەرانی وڵاتەوە» پێشمەرگەی ڕاسان «بەڵێن بەشارەتنیا»مان دواندووە کە لێرەدا سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:

**- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟**

بەڕای من هەر تاکێکی کورد سەبارەت بە خاکی کوردستان هەست و بیری خۆشەویستی هەیە،جا یان زۆر یان کەم. منیش وەک کوردێک و لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر هەست وخۆشەویستییەکی تایبەتم سەبارەت بە کوردستان و وڵاتەکەم هەبوو و هەمیشە پێموابوو کە ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە لەوانەبوو ئیستا نیشتمانێک یان وڵاتێک بە ناوی کوردستان نەبایە.

**ـ هەرکەسێک کۆمەڵێک ئاوات و ئامانجی هەیە لە ژیانیدا، بۆچی ئەم ڕێبازەت هەڵبژارد لەحاڵێکدا کە دەزانیت ڕەنگە لەم ڕێناوەشدا گیانت لە دەست بدەیت؟**

ڕاستە کە هەموو مرۆڤێک لەم سەردەمەدا بە کۆمەڵێک خەون و خولیا و ئاواتەوە دەژی و هەوڵ دەدا کە بە ئاوات و ئامانجەکانی بگات؛ ڕوونیشە کە بۆ گەیشتن بە ئەو ئاواتانە دەبێ نرخ بدەیت و ماندوویی و هەوراز و نشێوەکانی قبووڵ بکەیت جا هەندێ جار ئەم نرخە بە گیان دەدرێ. من لەژێر ڕۆشنایی ئەم بیرکردنەوە و تێڕوانینە ڕێبازی پێشمەرگایەتیم هەڵبژارد و پێم وانییە هیچ ئاوات و ئامانجێک بەرزترێت لەوەیکە خەبات بکەیت لە پێناو وڵات و نەتەوەکەتدا. مردن هەرهەیە، ئینسان لە هەر کوێیەکدا بێت ڕۆژێک دەبێ وەک «ئەمری واقیع» ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکات، جا کە وایە بۆ بە سەربەرزی نەمرین؟

**- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟**

هەست بە خۆشی و ئیفتخارو سەربەرزییەکی ئێجگار زۆر دەکەم کە توانیومە پێشمەرگە بم؛ کە منداڵ بووم هەموو کات خزم و کەسوکارم باسیان لە پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی و هەوڵدان و شەونخونییان بۆ ڕزگاری گەلەکەیان دەکرد. ئێستە کە خۆم پێشمەرگەم پێموایە کە ببمە یەکێک لەو خزمەتکارانەی کە گەل شانازی پێوە دەکات. سەبارەت بە هەستیشم بۆ کوردستان دەتوانم بڵێم تا توانام هەبێت لە پێناو کوردستاندا تێدەکۆشم چونکە پێموایە ئەمە ئەرکێکی ئەخلاقییە کە کەوتووەتە سەر شانی من و هاونەسڵەکانی من. ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردوو و سەربوردەی گەلەکەمان بدەینەوە زیاتر دەرک بەو گرینگییە دەکەین کە کوردستان چەندە پێویستی بە ئێمەومانان هەیە.

**- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە، شۆڕش و خەبات، نەتەوە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:**

نیشتمان: پێناسەی هەرەسەرەکی بوونی نەتەوەیە.

پێشمەرگە: پارێزەری ڕاستەقینەی نیشتمان و سەروەرییەکانی نەتەوە و وڵات .

شۆڕش و خەبات: هەستانەوە لە دژی زوڵم و زۆری و نابەرابەری.

نەتەوە و ڕاسان: ڕاسان قۆناغێکی نوێ لە خەبات کە تێدەکۆشی بۆ ڕزگاری نیشتمان و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟**

ئازادی کوردستان؛ کەسێک کە چاو لە ئاست هەموو شتێکی ژیانی دەنووقێنێ و ئامادە دەبێ ببێتە خەباتکارێک لە پێناو وڵاتەکەی پێم وانییە ئاواتێکی لەوە گەورەتر هەبێ کە ئازادی کوردستان ببینێت. من کوردستانەکەم بە ئازادی دەوێ و ئەمە گەورەترین ئاواتی ژیانمە.

**- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟**

بەباوەڕی من هەندێ فاکتەر لەمبارەوە دەور دەگێڕن کە دەتوانن کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دابنێن؛ یەکێک لەوان بریتییە لە هەست بە بەرپرسایەتی کردن لە هەمبەر خاک و وڵات و نەتەوە. هەلومەرجی ژیان و خەبات بۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەچەشنێکە کە کەرامەت و شوناسی نەتەوەییمان خەوشدار کراوە و هەوڵ بۆ پاکتاوکردنی دەدرێت، کەواتە تەنیا شتێک کە بتوانێ واتامان پێ ببەخشێتەوە تاکوو ئێمەش وەک مرۆڤی ئەم سەردەمە بژین بریتییە لە هەست بە بەرپرسایەتی کردنی تاک بە تاکمان.

**- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟**

تەنیا پێشمەرگە بە ڕزگاریدەری کوردستان نەزانن، پێشمەرگە پشتیوانی خەڵکە کە بوونی هەیە و دەتوانێت ڕزگاریدەر بێت. ئەم خەباتە هی هەموانە هەر بەو پێیە کە هەموان خاوەنی ئەم نیشتمانەین کەواتە تاک بە تاکی گەلی ئێمە ئەرکدارە لە بەرامبەر چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی.

**- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟**

ئێمە لە ئێستەدا ئەرکێکی قورس کەوتووەتە سەر شانمان؛ ئەرکێکی مێژووی و ئەخلاقی. بەتایبەت لە ئێستەدا کە ئێمە نرخێکی زۆر گرانیشمان بۆ داوە کەواتە دەبێ هەموو هەوڵ و توانای خۆمان بخەینە گەڕ تاکوو بتوانین درێژەدەری ڕێگای شەهیدان بین کە ئەو نرخە گرانەیە کە داومانە.

**ـ وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟**

هەتا درەنگتر نەبووە بگەڕێنەوە و پاشگەز ببنەوە لە کردەوە سەرشۆڕانەکانیان با چیدیکە خۆیان و کەسوکاریان نەکەونە بەر ڕق و تۆڵەی خەباتکاران؛ ئەگەر وا نەکەن نە تەنیا هێزی پێشمەرگە بەڵکوو خەڵکیش چاوپۆشی لە خەیانەتەکانیان ناکەن و درەنگ یان زوو دەکەونە بەر دادگای خەڵکی کوردستان.

**- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟**

ئەو کاتیش هەروەک پێشمەرگە درێژە بە خزمەتکانم دەدەم چوونکە دڵنیام کە دوژمنانی چاونەزێری کوردستان هیچ کات ئامادە نابن دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە کورد نەتەوەیەکی خاوەن شکۆ و سەروەری خۆیەتی، بۆیە ئەو کاتیش پێویستە پارێزگاری لە مان و مەوجودییەتی خۆمان بکەین و من بە شانازییەوە ئەو کارە هەڵدەبژێرم و درێژە بە پێشمەرگەبوونم دەدەم.

# شنە درووودگەر: بەشدارینەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان دووجار هەڵوێست گرتنە بەرامبەر بە ڕێژیم



**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

بڕیارە شانۆگەری هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران لە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەدا بەڕێوە بچێت، زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو هەڵبژاردنەیان بایکۆت کردووە. هەروەها ناوەندی «ژنانی ڕۆژهەڵات»، بۆ بایکۆتکردنی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و داوای لە خەڵکی کوردستان، بە تایبەت ژنان کردووە کە بەشداریی لەم هەڵبژاردنانە نەکەن. لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ ‹‹شنە دروودگەر›› سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژێکمان پێک هێناوە کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**ـ ئێوە لە ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندراوێکتان سەبارەت بە بایکۆتی بەناوهەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم بڵاو کردۆتەوە. ئامانجتان لەم کارە چی بووە؟**

ئێمە وەکوو ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بەو زوڵم و زۆرییەی کە لە دژی گەلەکەمان و بەتایبەتی ژنان کراوە، لەسەر ئەو باوەڕەین کە بەشداری کردن لەو بەناو هەڵبژاردنە، ڕەواییبەخشینە بەو هەموو چەوسانەوە و ناحەقیەیی بەرانبەر بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت ژنان دەکرێت. لە ڕوانگەی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات، ئێران لەو کاتوساتەدا کە تێیدایە و بە تایبەتی دوای ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەی چەند مانگی ڕابردوو، پێویستی بە سیناریۆیەکی نوێیە کە بە دونیای دەرەوە و وڵاتانی هاوپەیمانی نیشان بدات کە وەکوو هەمیشە خەڵك لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە و هاوکات سیمایەکی سەردەمیانە و دێموکرات لە هەڵبژاردنەکان وێنا بکات. ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی بنەما و سیاسەت و ناوەڕۆکی ئەم ڕێژیمە، هەڵبژاردنەکانی لەگەڵ چەمك و واتای هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و دێموکراتیك پێکناکۆکن، هەر بۆیە ئەم دەسەڵاتە حکومەتێکی بێکەڵك و ستەمکارە و زیاتر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، ژنی چەوساندۆتەوە و مافەکانی پێشێل کردووە، بۆیە ئێمە پێمان وایە کە دەنگدان بەو ڕێژیمە، دەنگدانە بە هەموو پێشێلکارییەك و چەوسانەوەیەك بەرامبەر بە ژنان.

**ـ لەم دۆخەدا ژنانی ئێران و بەتایبەت ژنانی کوردستان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەتوانێت وەکوو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکاریان بێنێت؟**

هەروەکوو پێشتر باسم کرد ڕێژیمی ئێران لە بارودۆخێکی ناڵەبار و هەستیاردایە و بەتایبەتی دوای گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی زیاتر لەگەڵ ئامریکا و هاوکات خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، دەبینین کە تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵکی ئێران ڕوو لە هەڵکشانە و لەلایەکی دیکەشەوە بە خرۆشانی شەقام و خۆپیشاندانی خەڵك لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا، تەلیسمی ترس لە ڕێژیم تێکشکا و خەڵك ئازایانە و بوێرتر لە جاران دەڕژێنە سەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان دەردەبڕن و دروشمی ڕووخان بەرامبەر بە ڕێژیم دەڵێنەوە. هەر بۆیە لەم کاتەدا ڕێژیم هەست بەوە دەکات کە چەواشەکاری و فێڵێکیتر بێنێتە ئاراوە و خۆی بە جۆرێکیتر نیشان بدات. بۆچی؟ چونکە هەستی بەوە کردووە کە لە هەموو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا، ژنان ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان هەبووە. بۆیە هاتووە و دروشمی «ژن نیوەی کۆمەڵگایە» بەرز کردۆتەوە و بە قەول و بەڵێنی زیاترکردنی ڕێژەی ژنان لە پەرلەمان و پێدانی پلە و پۆستی زیاتر لە دامودەزگا حکومەتییەکان، بەشداری بە ژنان بکات لەم هەڵبژاردنەدا. بۆیە مەبەست لەو وردەدروشم و وردەگۆڕانکارییانە، تەنیا بەکارهێنانی ژنانە وەکوو ئامرازێك بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان لە ڕاستای پیلانە نگریسەکانی خۆیدا؛ بەڵام وەکوو هەمیشە بەرنامە و پیلانی ڕێژیم بۆ گەلی کورد و بەتایبەتی بۆ توێژی ژنان ڕوون و ئاشکرایە و بە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگاهی و ڕۆشنبیری ژنان لەمەڕ مافەکانی خۆیان، ئەم پیلانە پوچەڵ کراونەتەوە.

**ـ لە ماوەی ٤١ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، ژنان زیاتر لە توێژەکانی دیکە لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کراون؛ ژنان لە بەرامبەر شانۆی هەڵبژاردنەکانی پێشووی ڕێژیم چۆن جووڵاونەتەوە؟ و دەبێ چ دەرسێک لەو ڕابردووە وەربگرن؟**

ژنان لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە یەکەمین قوربانیی سیستم و یاساکانی ڕێژیم بوون و هەر لە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٧(٨ی مارس)، هەزاران ژن بە شێوەیەکی خۆڕسك دژی حیجابی زۆرەملێ و دژایەتی چاکسازیی لە یاسای بنەڕەتی هاتنە مەیدان و ڕاشکاوانە بە ڕێژیمی خومەینیان ڕاگەیاند کە یاساکانتان دژەئینسانین و ژنان قوربانی سەرەکی ئەم یاسا دواکەوتووانەن. لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا ڕەگەزی ژن بە هۆی ژنبوونیانەوە هەمیشە بە شارۆمەندی پلە دوو ئەژمار کراون و زۆرینەی مادە و بەندەکانی یاسای بنەڕەتی ڕێژیم، نەك بۆ پشتیوانی ژنان دانەڕێژراون بەڵکوو بە دژی مافە سەرەتاییەکانی وەکوو وەرگرتنی مۆڵەتی سەفەر(پاسپۆرت)، مافی جیابوونەوە (تەلاق) وهتد ... دانراون. کەواتە هەڵبژاردن و گۆڕینی دەموچاوەکان ئەویش لە بەرژەوەندی سیستمی داخراوی ویلایەتی فەقیهیدا، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە کۆی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دژی مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەت ژنانن کە نیوەی کۆمەڵگان و باش دەزانن کە گۆڕان لەو یاساو سیستمەدا بە مانای نەمانی سیستمی ویلایەتی فەقیهە.

**ـ لەم دۆخە هەستیارەی ئێستادا، ئایا ژنان خۆیان ئامادە کردووە کە وێڕای چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکاندا دەوری کاریگەر بگێڕن؟**

ژنان نەك ئێستا بەڵکوو بە درێژایی ٤١ساڵ حوکمڕانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، هەمیشە پێشەنگ بوون لە هەموو ئەو هەوڵانەی کە بە مەبەستی کرانەوە و چاکسازی لە ئێراندا هاتوونەتە ئاراوە و لە ڕیزەکانی هەرە پێشەوەی ناڕەزایەتییەکاندا بەرچاو بوون و زۆرترین قوربانیان داوە و باکیان نەبووە لە ڕژانی خوێن و کۆتوبەندی ڕێژیم. ئەوە لە کاتێکدایە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە فراوانتربوونی خۆپیشاندانەکان و بەتایبەت لەم چەند مانگەی ڕابردوودا، بینیمان کە ژنان وەکوو هەمیشە ئامادەی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکن و لە زۆربەی خۆپیشاندانەکاندا لە سەرانسەری ئێراندا، وێنە و فیلم و دۆکیومێنتارەکان شاهیدی ئەوەمان بۆ دەدەن کە ژنان بوون ڕووبەڕووی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەبوونەوە و دروشمی ڕووخانیان دەدا.

**ـ بەشداریی نەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان لە ئێران لەگەڵ بەشداریی نەکردنی ژنان لە کوردستان چ جیاوازییەکی هەیە؟ واتە داواکارییەکانیان هاوبەشە؟**

ئەگەر ژنان لە ئێراندا تەنیا بەهۆی ژنبوونیانەوە دەچەوسێنەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرێ، ئەوا ژنی کورد دووجار دەچەوسێتەوە و زوڵمی لێ دەکرێت. یەکەم بەهۆی کوردبوونییەوە و دواتر بەهۆی ژنبوونییەوە. هەربۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت بە هەموو شێوەیەك بەشداری بە گەلی کورد و بە تایبەت توێژی ژن بکات تاوەکوو تۆزقاڵە مەشروعیەتێك لەسەر ئاستی نێوخۆ و دەرەوە بۆ خۆی دەستەبەر بکات. هەر بۆیە بە بەشدارینەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا دووجار هەڵوێست گرتنە بەرامبەر بە ڕێژیم لە ئاست مافە نەتەوەیی و مافە یەکسانیخوازانەکانی ژنان.

# منداڵانی کورد و زمانی دایکی




ئا: کوردستان

زمانی دایکی یەکەم زمانێکە کە منداڵ گوێی لێ دەبێ، فێری دەبێ و بۆ ئاخاوتن و بیرکردنەوە بە کاری دێنێ. منداڵێک کە بتوانێ بە شارەزایی زمانی دایکی فێر بێت و لە قسەکردن و بیرکردنەوە و نووسین و خوێندنەوەدا کەڵکی لێوەربگرێت، هزر و بیری گەشە ئەکات و هەستی باوەڕبەخۆبوونی زۆرتر ئەبێت. هەروەها مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ هەستی دەروونی خۆی بە باشی دەرببڕێ پێویستی بە زمانی دایکی هەیە. بە دیوێکیتریدا زمان پێناسەی هەر تاکێکە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بۆ خۆناسین و خۆناساندنەوە و جیاکردنەوەی خۆی لە ئەویتر. بێ گومان لە درێژەی مێژووی سیاسی گەلاندا، زمانیش هاوچەشنی دەستکەوتە ئابووری و سنوورە جوگرافییەکان وەبەر خەسارەتی داگیرکاری کەوتووە و زمانی کوردیش خاڵی نییە لەم خەسارەتە. تاکی کورد لەهەر چوار بەشە لێکدابڕاوەکەی کوردستاندا، لەهەر بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بێ، خەریکی خۆپێگەیاندنی هزرییە بە زمان و بیری بێگانەوە، بەو واتایە کە بە زمانێکی جیا لە زمانی دایکیی خۆی بیر دەکاتەوە، دەنووسێ، دەخوێنێتەوە و .... زمانی بێگانە، ویژەیەکە کە هەڵگری جوانی و سیمای فەرهەنگ و کولتووری تۆ نییە و دوورە لە هەر گۆشەنیگایەکی کوردی و بگرە لە هەندێ حاڵەتدا دژ بە جوانییەکان و شارستانییەتی تۆیشە! کەواتە چۆن دەتوانێ بەقەد زمانی دایکیت بێژەری قووڵایی ژانت بێ؟ لەناوبردنی هەر نەتەوەیەک بە داگیرکردن و لەناوبردنی زمانی ئەو نەتەوەیە دەستپێدەکات، گەنجێکی کوردزمان لە باکوور بە زمانی تورکی، لە ڕۆژهەڵات بە زمانی فارسی و لە ڕۆژاوا بە زمانی عەرەبی بار دەهێنرێ بۆ بەرژەوەندی و ئامانجە فاشیستییەکانی ئەو وڵاتانە، لێرەدایە زمان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ بۆ گۆڕینی هزر و ئایدیای تاک لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا. یاساغ کردن و نەهێشتنی ئاخافتن و خوێندن بە زمانی دایکی ژینۆسایدێکە دەرحەق بەو گەلە و بەو زمانە.

کەواتە دەبێ چی بکرێ؟ ئەگەر ئەو ڕاستییەمان قەبووڵ بێ کە زمان ناسنامەی ئێمەیە و بۆ پاراستنی مێژوو و ناسنامەمان دەبێ هۆشیار بین و بەئاگا تاوەکو ئەم گەوهەرەمان لەنێو نەچێ، دەبێ لەپێشدا ڕیشەی خەسارەکانما ببینینەوە. لێرەدایە کە لەگەڵ چەمکێک بە ناوی «دایک» بەرەوڕوو دەبین! دایک ڕۆڵێکی گرینگ و یەکلاکەرەوە دەگێڕێ. مامۆستا ئەمن گەردیگلانی لە وتارێکی پڕنێوەرۆکدا لەمبارەوە بە وردی دواوە و دەڵێ: « منداڵ هەر لە یەکەمساتی دەستپێکردنی ژیانییەوە بە تاڵە تیشکی ئەوین و عاتیفە بە دایکییەوە گرێ دەدرێ.دایك بەشێوەی فیزیکی و ڕۆحی و ئەخلاقی لە خزمەت ڕۆڵەکەیدایە و پەروەردەی دەکا. لە هەموو بارێکیشەوە دەتوانێ کاردانەوەی لەسەر منداڵەکەی هەبێ. ئەرکی دایك لەگەڵ ئەوەی زۆر پیرۆز و پاکە و جێگای ڕێزە، زۆریش ئەرکێکی قورس و گرانە و هەموو ئافرەتێك ڕێی ناکەوێ ئەو ناوە پیرۆزە و ئەو مەقامە بەرزەی بدرێتێ. چونکە ئەرکی دایك تەنیا بەخێوکردن و شیر پێدان و خاوێنکردنەوە نییە، گەشانەوە و پێگەیشتنی هەر نەتەوەیەك لە زانایی و تێگەیشتنی ئافرەتانی ئەو میللەتەوەیە. هەر نەتەوەیەك ئافرەتەکانی زانا و ڕووناکبیر بن، ئەو نەتەوەیە مەزن و ئازاد و سەربەرز دەبێ. پێناسەی بوون و زیندووبوونی هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەیەتی؛ زمانیش لە دەست ئافرەتی ئەو نەتەوەیەدایە و دەتوانێ بیگەشێنێتەوە، یان بیفەوتێنێ.»

ئەم دەربڕین و وەبیرهێنانەوەیە ڕەنگە پڕترین وەسف بێت بۆ وەئاگاهێنانەوەی دایکانی کوردستان لە ئاست ئەو ئەرکە مێژووییەی کە کەوتووەتە سەر شانیان بەڵام ڕەنگە ئەم پرسیارەش پێویستیی بە وڵامدانەوە هەبێ کە لە نیشتمانە داگیرکراوەکەی ئێمەدا کە وەک کۆلۆنییەک سەیر دەکرێت دەبێ چی بکەین کە منداڵەکانمان هۆگری زمانی دایکییان بن؟ ڕەنگە نەتوانین تەنیا توێژێک بکەینە بەردەنگی خۆمان و درووستتر ئەوە بێ کە ئەم ئەرکە بخەینە سەر شانی هەموو کۆمەڵگایەک، بەڵام یەکەم کەسێک کە ئەبێ ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ و پێوەی ماندوو بێت دایکە. دایک ئەتوانێ هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونی کۆرپەکەی بیر و هزر و ئەندێشەی منداڵەکەی بە زمانی شیرینی خۆی ڕابێنێت. کۆرپەڵەیەک کە گوێبیستی لایەلایەی شیرینی دایک بە زمانی دایکییە، منداڵێک کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی بیستن و قسەکردنییەوە وشەی جوان و ڕازاوەی کوردی ئەبیستێ، بە دڵنیاییەوە ئەوینی زمانەکەی لە دڵیدا ڕیشە دائەکوتێ. ئاخاوتنی بنەماڵە بە زمانی دایکی لە بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە زۆر گرینگە. کاتێک لە بنەماڵەیەکدا بە متمانەوە و بێ ئەوە پێیان شوورەیی بێت و بە «بێ کلاسی» بزانن بە زمانی دایکی قسە ئەکەن و بایەخ بە زمانی دایکی ئەدەن، منداڵیش فێر ئەبێت کە فێربوون و ئاخاوتنی بە زمانی دایکی جێی شانازییە نەک شوورەیی. هەروەها دایک و باوک و ئەندامانی بنەماڵە بە خوێندنەوەی شێعر و چیرۆک و داستان و گۆرانی بە زمانی دایکی و گێڕانەوەی بەیتە فۆلکلۆرەکان ڕۆڵێکی بەرچاو ئەگێڕن لە شیرینکردنی زمانی دایکی لای منdاڵ.

لێرەدا ئەتوانین ئاماژە بکەین بە ڕۆڵی شاعێران و نووسەران و ئەدیبان کە بە نووسینی کتێب و گۆڤارەکانی تایبەت بە منداڵان، زمانی کوردی و بە دوایدا زمانی قسەکردنی منداڵان بە کوردی دەوڵەمەندتر بکەن. هەروەها پەروەردەکارانی باخچەی ساوایان و مامۆستایانی قوتابخانەکان ئەتوانن وەک ئەرکی کۆمەڵایەتیی خۆیان، زمانی دایکی فێری منداڵان بکەن و بە زمانی کوردی لەگەڵ قوتابیان بدوێن و لە هۆگربوونی منداڵ بە زمان دایکی کاریگەرییان هەبێت. هەروا کە ئەزانین زمان پێناسەی هەر نەتەوەیەکە. کە زمان نەما نەتەوەش نامێنێ. کەوایە با لە پێناو زیندووڕاگرتنی نەتەوەماندا، زمانەکەمان فێری منداڵەکانمان بکەین و سۆز و خۆشەویستی زمان و نەتەوە لە دڵ و مێشکیاندا جێگیر بکەین.

## خەزان...

ڕاسانی خەوی شاخ و گوڵی باخی بەهارانە
ئاواتی لەمێژین و بەری ژینی هەژارانە
ئەو شەختەیی چەند ساڵە هەراسانی هەرایەکە
لەرزۆکە ئەوی کۆشکی لەبەر هەنگاوی بارانە
هەرساڵە بەهارێکە بزەی ڕەنگ و وزەی دەنگی
وا لێرە خەزان چەنگی بەهارانی هوزارانە
خەملیوە گوڵی شاران لە ڕێی مەیدانی ئازادی
سەر سینگی شەقام سوورە، دڵی شینباری یارانە
قانوونی خەزان با بەس! وەرینی گوڵ،
برینی دڵ!
ڕوخساری وڵات تا کەی هەموو ڕەنگی هەنارانە ؟

ڕاسان: ڕابوون و هەستان
شەختە: سەرمای پاییز، سەهۆڵ و بەستەڵەک
وزە: هێز و توانایی (انرژی)
چەنگ: سازێکی قەدیمی، هارپ

## «چیرۆک»

### خەون

ڕۆژێک پادشا، باڵووڵ بانگ دەکا و دەڵێ: خەونێکی ناخۆشم دیوە، دەمەوێ پایژ(تعبیر)ی خەونەکەم بکەی.
باڵووڵ دەڵێ چییە؟
پادشا دەڵێ: خەونم دی ببووم بە پەلەوەرێکی ترسێنەر، دەمنەڕاند و هاشاوڵم بۆ دەوروبەرم دەبرد، هەرچی لەسەر ڕێم بوو لە ورد و درشت هەموویم تێک دەشکاند و قووتم دەدا.
ئێستا پێم بڵێ واتای خەونەکەم چییە؟
باڵووڵ دەڵێ: پادشا گیان! ئەم شتەی تۆ گوتت ڕاستی بوو، من شڕۆڤەی ڕاستی نازانم و تەنیا شڕۆڤەی خەون دەزانم! خەون...



# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 767 • 4 Februbary 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## ڕۆژنامەی کوردستان بەمەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر باروودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتایی مانگی ڕێبەندان، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکوومکردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### گواستنەوەی هاووڵاتییان بۆ زیندان:



ڕۆژی چوارشەممە، ٢ی ڕێبەندان، لاوێکی کورد بە ناوی «بڕیار کاوە» کوڕی «ئەمین»، تەمەن ٢٦ ساڵ و خەڵکی گوندی «نێ»ـی مەریوان، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی شەممە، ٥ی ڕێبەندان، لاوێکی کورد بە ناوی «سەلمان ئەفرا» کوڕی «ڕەحمەت»، خەڵکی گوندی «نێ»ـی مەریوان، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٦ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «دارا ڕەشیدی» کوڕی «مستەفا»، تەمەن ٤٧ ساڵ و خەڵکی سەردەشت، پاش دوو مانگ دەسبەسەری لە گرتنگەی «سپای ئەلمەهدی»ـی ورمێ، بۆ پەزیرشی زیندانی ناوەندیی ئەم شارە ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٦ی ڕێبەندان، کچێکی لاو بە ناوی «ساوین مەحموودیان ڕاد» کچی «عەبدوڵڵا»، تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی گوندی «مەزناوێ»ـی سەردەشت، پاش لێپرسینەوەکەی بۆ زیندانی مەهاباد ڕاگوێزرا.

ڕۆژی دووشەممە، ٧ی ڕێبەندان، لاوێکی کورد بە ناوی «سامان ڕەبانی» کوڕی «مەجید»، تەمەن ٢٦ ساڵ و خەڵکی سەقز، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانیبوونەکەی، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

هەروەها ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی ڕێبەندان، «ژاکا ئیسماعیل پوور»، چالاکێکی دیکەی مەدەنیی کورد، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانیبوونەکەی، بۆ زیندانی ناوەندیی بۆکان گوازرایەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٠ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حوسێن ئازەریون» کوڕی «عەبدوڵڵا»، تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی پیرانشار، پاش تەواوبوونی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێ، بۆ بەندی ١٢ی زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە، ١٢ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شارام کازمیان» کوڕی «فارس»، تەمەن ٤٢ ساڵ، پاش یەک مانگ لێپرسینەوە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

ڕۆژی دووشەممە، ١٤ی ڕێبەندان، سێ چالاکی مەدەنیی کورد بە ناوەکانی «سمکۆ مەعرووفی، هومەن فەیزی و شاهۆ خزری»، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمە بەسەردا سەپاوەکەیان، ڕەوانەی زیندانی بۆکان کران.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان لە کوردستان:

ڕۆژی هەینی ٢٧ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عیرفان محەممەدی» خەڵکی گوندی «ئیسیاوا» سەر بە شاری سنە و دانیشتووی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی هەینی ٢٧ی بەفرانبار، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شاری کامیاران «کامبیز ئەسەدی» مامۆستای سەنتوور و بەڕێوەبەری فێرگەی موسیقای «دەنگی چیا»یان دەسبەسەر کرد.

ئێوارەی چوارشەممە، ٢ی ڕێبەندان، چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی «فەردین موڕادی»، خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

بەرپرسی پۆلیسی فەتای کرماشان، باسی لە دەسبەسەرکردنی ١٧٠ هاووڵاتی لەو شارەدا کرد کە بە وتەی ئەو ناوەندە، ئەو ١٧٠ کەسە بە تاوانی جۆراوجۆر دەسبەسەر کراون. سەرهەنگ «عەلی کەریمی»، ڕایگەیاندووە ئەم کەسانە تەمەنیان لە نێوان ١٤ هەتا ٣٠ ساڵە.

هێزە ئیتلاعاتییەکان لە سایین قەڵا، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوی «مێهدی ئیسماعیلی» دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواست.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەمیع عەلیزادە»، خەڵکی ورمێ، بە تۆمەتی «بڵاوکردنەوەی شیرینی» لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، ٧٤هەمینساڵیادی کۆماری کوردستان، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە، ٥ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی گوندی گوێزەکوێرەی مەریوان و دانیشتووی ئەو شارە، بە ناوی «عوسمان دڵاویز»، تەمەن ٣٠ ساڵ، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان، دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی شەممە، ٦ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەسکەندەر چراغی» کوڕی «قادر»، خەڵکی بانە و ئەندامی ئەنجومەنی پاژین، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە، ٨ی ڕێبەندان، هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی یارسانییان بە ناوی «سابیر محەممەدی» دەسبەسەر و ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.

### داسەپاندنی حوکمی زیندان بە سەر هاووڵاتییان:



لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لاوێکی کورد بە ناوی «سادق شامی» کوڕی ئەحمەد لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری مێهران بە ساڵێک زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

هەروەها، هاووڵاتییەک بە ناوی «عەلی ئیسماعیلی « تەمەن ٤٠ ساڵ کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی «جاشێران» سەر بە شاری شنۆ، لە لایەن لقی ٢ی دادگای کەیفەریی ئەو شارە بە ساڵێک زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

دادگای ئینقلابی جوانڕۆ، حوکمی ٤ ساڵ زیندانیی بەسەر «عەبدوڵڵا ئەحمەدی» کوڕی «فەیزوڵڵا»دا سەپاند. ناوبراو خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانییە و ٢٨ ساڵ تەمەنیەتی.

حوکمی ٣٠ ساڵ زیندانیی تەعزیری «مەحموود سادقی»، زیندانیی سیاسیی دیکەی کامیارانی، بە ٢٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری کەم کرایەوە.

دوو هاووڵاتیی کوردی پەیڕەوی ئایینی یارسان بە ناوەکانی «سیرووس و نادر عەزیزی»، بەهۆی ئەوەی کە توانای دابینکردنی بارمتەیان نییە، لە زیندانی دیزڵاوی کرماشاندان.

«چیا محەممەدی»، چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی سنە، لەلایەن لقی ٤ی دادگای پێداچوونەوەی ئەو شارە، بە سەرۆکایەتی دادوەر «تەیاری»ـەوە، بە ٦ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

ئەو چالاکە ژینگەپارێزییە، پێشتر لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنەوە بە ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرابوو.

### بانگهێشتکردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە حکوومەتییەکان:

«ئەسکەندر لوتفی»، ئەندامی ئەنجومەنی سێنفی مامۆستایانی کوردستان_مەریوان و لە ئەندامانی شۆڕای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە سێنفییەکانی مامۆستایانی ئێران، بۆ شەشەمین کەڕەت لە ماوەی ٤ مانگدا بانگهێشتی دادگا کراوە.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:



لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، هاووڵاتییەک بە ناوی «مەزهەر سەید ڕۆستەمی»، خەڵکی گوندی «ڕەجەب تاوەگۆزی»، سەر بە سەلاسی باوەجانی، بەسەختی بریندار بووە و هەنووکە لە نەخۆشخانەی تاڵەقانیی کرماشان لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدایە.

ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی سنووری سەڵماس کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک بە ناوی «سالار ڕەحمانی» کوڕی «محەممەد»، تەمەن ٢٣ ساڵ، بریندار بوو.

ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی سنووری «وەسونە»ی سەردەشت، کرانە ئامانجی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و بەهۆی تەقەی ئەو هێزانەوە کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەحیەدین عەزیزی» کوڕی «ئەبووبەکر»، بەسەختی بریندار بوو.

ڕۆژی یەکشەممە، ٦ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەسعەد پیری»، خەڵکی پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٦ی ڕێبەندان، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «عەلی هادیزادە» تەمەن ٢٢ ساڵ و کوڕی بەشار هەروەها «حوسێن هادیزادە» تەمەن ٢٩ ساڵ کوڕی جەمیل، لە لایەن هێزەکانی ئەرتەشی تورکییەوە، تەقەیان لێکراوە و بە سەختی پێکراون.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «وەلی گوندک مەلا» بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی سپای پاسداران، لە سنووری شنۆ پێکرا.

هەروەها، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری پیرانشار، لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە درانە بەر دەسڕێژیی گولـلە و لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عوسمان وەزیری»، تەمەن ٣٢ ساڵ بەسەختی بریندار بوو.

ڕۆژی شەممە، ١٢ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عوسمان فتووحی» ناسراو بە «عوسمان عەلی مینا»، تەمەن ٥٥ ساڵ و خەڵکی گوندی «مامسێوەدین» و دانیشتووی گەڕەکی تازاوای سەقز، بەهۆی سەرمابردووییەوە گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی شەممە، ١٢ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «محەممەد ڕەحمانی»، خەڵکی گوندی «لۆن ساداتی» کامیاران، لە کاتی کۆڵبەری لە سنوورەکانی کوردستان بەربووەوە و بریندار بوو.

### تەقینەوەی مین:



ڕۆژی شەممە، ١٢ی ڕێبەندان، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران- عێراق، لە ناوچەی شووشی ئەهواز، لاوێکی کرماشانی بەسەختی بریندار بوو.

«عەلی موقەدەمیان»، بەرپرسی فریاکەوتنی ١١٥ی شووش ڕایگەیاند، کاتژمێر ١ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە لە ڕۆژاوای بەنداوی کەرخە مینێک تەقییەوە و بوو بەهۆی برینداربوونی لاوێکی تەمەن ٢١ ساڵەی عەشایەری خەڵکی کرماشان.

### گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

چەند ڕۆژ پێش، کرێکارێکی کورد بە ناوی «حوسێن مەحموودی»، خەڵکی پیرانشار، لە کاتی کارکردن لە بینایەکی نیوەکارە لە هەولێر بەربوویەوە و بەو هۆیەوە بەسەختی بریندار بوو.

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژی پێنجشەممە، ٣ی ڕێبەندان، لاوێکی سەڵماسی بە ناوی «بەهمەن حەسوویان» کوڕی «ڕەحیم»، خەڵکی گوندی «ستوون ڕەش»ـی شەپیرانی سەڵماس، بەهۆی داڕمانی خانوو بە سەریدا لە دهۆک گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی ڕێبەندان، کرێکارێکی کورد بە ناوی «سینا عەلیڕەمایی» کوڕی «نیشتمان»، خەڵکی گوندی «بێساران» سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بەهۆی ڕووداوی کار لە شاری ئامۆلی باکووری ئێران، گیانی لەدەست دا.

### ئێعدام کردن و داسەپاندنی ئێعدام بە سەر هاووڵاتییان:



حوکمی ١٢٠ ساڵ زیندانیی تەعزیریی «حەیدەر قوربانی»، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی کامیاران، لە دادگوستەریی سنە، بە ئێعدام گۆڕدرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣ی ڕێبەندان، بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی بروجێرد، هاووڵاتییەکی کرماشانییان بە ناوی «ڕەسووڵ مەلا حەسەنی» بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە «ماددەی سڕکەر»ەوە لە سێدارە دا.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

ڕۆژی هەینی ٣ی ڕێبەندان، لاوێکی کوردی خەڵکی مەهاباد، بە ناوی «عەبدوڵڵا خزرپوور» کوڕی «ئەحمەد»، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لەو پەیوەندییەدا، هاووڵاتییەکی دیکە بە ناوی «سەیران ئەحمەدزادە»، خەڵکی گوندی «ساوان»ـی سەردەشت، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی بەفرانبار، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «م.ت»، تەمەن ٣٨ ساڵ، خەڵکی سنە، بەهۆی کێشەی ماڵییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.